پوختەیەکی چیرۆکی

# مەمێ ئالان و مەم و زینی خانی




شێرکۆ هەژار

٢٠١٩

# ئەم کتێبە

سەرەتا، نیازم وابوو دەقی بەیتەکەی "مەمێ ئالان" بنووسمەوە و، مانای وشەکانی بەم شێوازەی کە پێیدەنووسم لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا بنووسم، پوختەیەکی چیرۆکەکەش بکەم بە پێشەکییەکی و، ئەوجا پوختەیەکی چیرۆکی " مەم و زین" ی" خانی"یش بکەم بە پاشکۆیەکی .

ئەو بەیتەی من بەدەستمەوە بوو، چاپکرانەوەیەکی زۆر هەژارانەی ١٩٧٣ی ئەو نوسخەیە بوو کە دکتۆر نوورەدین زازا ساڵی١٩٥٧ بە قاچاغ لە شام چاپیکردبوو . دکتۆر زازا لە پێشەکییە- کەیدا دەڵێت کە ئەوەی ئەو چاپی کردووە دەقی ئەوەیە کە " لێسکۆ"ی فەرەنسی ئامادەی کردووە و بە یارمەتیی جەلادەت بەدرخان ساغی کردووەتەوە و، ساڵی ١٩٤٢ لە بەیرووت ( پایتەختی لوبنان) چاپی کردووە . من چاپەکەی " لێسکۆ "م نەدیتووە و، ئەو بەیتەی کە بە دەستمەوە بوو، تەنیا هەر ئەو چاپکرانەوەیەی ١٩٧٣ی کتێبەکەی دکتۆر زازا بوو(دەقی بەیتەکە ١٤٩ لاپەڕەی گرتووەتەوە و٣٨ لاپەڕەی پێشەکیی دکتۆر زازا . بۆ ئاگاداریی پتر لەوە بڕوانە ئەم کتێبەم : هەڵدانەوەی چەند کتێب و گۆڤارێکیش ل١٨-٢٩) .

لەپێشدا پوختەی چیرۆکی هەردکیان : " مەمێ ئالان " و "مەم و زین"ی" خانی"یم ئامادە کردن، ئەوجا کەوتمە سەر نووسینەوەی بەیتەکە و مانالێدانەوەی وشەکانی، ٣٦ لاپەڕەی ئەسڵەکەیم بەو جۆرە نووسییەوە ( ٥٧ لاپەڕەی گرتەوە)، لێرەدا فاتمە خانم لە فەیسبووک ئاگاداریکردمەوە کە چاپەکەی لێسکۆ لە پیشانگای کتێب لە هەولێر بڵاودەبێتەوە و، ئەوە ڕەنگە هێندێک لەو نوسخە- یەی دکتۆر زازا جیاواز بێت، ڕەنگە دکتۆر زازا دەستکارییەکیکردبێت . من خۆم بە شەخسی دکتۆر زازام ناسیوە و، دەستکاریی دەقی کوردیی لێ بەدوور نابینم . ئیدی بڕیارم دا، جارێ لە کاری دەقی بەیتەکە بوەستم و، هەوڵبدەم بەڵکو چاپی دەقەکەی لێسکۆ پەیدا بکەم . بەڵام دیسان، وێڕای ئەوەش، با ئەوەی بۆ پێشەکی و پاشکۆی ئەوەم دانابوون پێکەوە چاپ بکەم، بەتایبەتی بە ڕەچاوگرتنی ئەوەش کە ئەوانەم وێکرا مەگەر هەر بە دوو بەرگ بۆ چاپ بکرێن، بەیتەکە

بەتەنیا، بە مانالێدانەوەوە، ڕەنگە سێسەد لاپەڕەیەک بگرێتەوە (جگە لەوەش کە من هەمیشە حیسابی تەمەن دەکەم، کێ دەڵێت فریای تەواوکردنی کاری بەیتەکە دەکەوم) .

سوپاسی " فاتمە خانم " دەکەم بۆ پشتگیری و یارمەتیی کە لێم دیت و، دیارە هەمیشە قەرزداری برای خۆشەویستم " کاک نەجمەدین بەرزنجی"یم، کە بە وردی لە کارەکانم دەڕوانێت، بە ئەو زانیارییە زۆرەی کە هەیەتی زۆر شت ڕوون‌دەکاتەوە و، وا دەبێت هەڵەشم بۆ ڕاستدەکاتەوە .

شێرکۆ هەژار

٢٠١٩/٤/٤

پوختەیەکی چیرۆکی

## مەمێ ئالان

# مەمێ ئالان

سێ برای زۆر دەوڵەمەند، لە شاری " مغرب "، تەمەنیان لە نێوان ٦٠ و ٦٥ ساڵ، بێ ئەولادن . خۆیان بە شێوەی دەروێشان دەگۆڕن و دەچنە بیابان و، روو لە ئاسمان دەکەن و بۆ حاڵی بێ-ئەولادیی خۆیان دەگرین .

"خدری زیندە" خۆیان پیشان دەدات، سێوێک دەدات بە برا گەورەکە(عەلی بەگ) و، پێیان‌دەڵێت بگەڕێنەوە ماڵێ خۆیان، حەیوانان قوربانی بکەن و پارە بەسەر خەڵکدا برژێنن و بچنە گەڕەکی قورەیشییەکان و، کچی میری قورەیشی بۆ ئەو براگەورەیە بخوازن . کە عەلی بەگ منداڵێکی لەو ژنە بوو، لەخۆیانەوە هیچ ناوێکی لێ نەنێن، با چاوەڕێبکەن تاکو ئەو(خدری زیندە) خۆیان پیشان دەداتەوە .

سێ برا، بە قسەی دەکەن، چیی پێ‌گوتبوون دەیکەن، ژن هێنرا و، کوڕێک لەدایکبوو، ناویان نەنا و چاوەڕێیان کرد تاکو خدری زیندە دیسان خۆی پیشان دانەوە و کوڕەکەی ناو نا : مەمێ ئالان .

مەم، کە منداڵ بوو، دەیدیت چۆن ریش‌سپییەکان باسی ئەسپێکیان دەکرد، کە هێزی ئەفسانەیی هەبوو و، لە قووڵایی دەریادا بوو و، دەیتوانی ساڵێک یا تەنانەت دوو ساڵیش بێ خواردن و خواردنەوە بە هێز و گوڕی خۆی بمێنێتەوە . منداڵان بەو قسە سەیرە پێدەکەنین .

مەم تەمەنی بوو بە پازدە ساڵ و بوو بە پادشای شاری مغرب .

ماسیگرەکان ئەو ئەسپەیان دیتەوە و، لە بنی دەریایان دەرهێنا ( تابلۆی کە لە فیلمێکی لەوانەی ئۆدیسیی هۆمیروس دەکات)، ئیتر بەوە دەرکەوت کە قسەی باو و باپیران هەمیشە راستە .

ئەوجا : ئەو ئەسپە بوو بە ئەسپی مەم : کوریێ بەحرێ (جوانووی دەریا) و ناوێکی تریشی : بۆزێ رەوان ( رەنگ بۆزی کە لە رۆیشتن ناوەستێت) .

سێ کچی پادشای پەریان، " تاڤ بـانۆ" و " ستێربـانۆ" و " هەیف بـانۆ"، کەوای کەوڵی بەریان داکەندن و کەوتنە حەوزی " کانیی گوڵان "، خوشکی بچووک سەیری دوو خوشکەکەی کرد :

ستێربانۆ نهێری کو سپەهتییا کو خوەدێ دایە هەر دوو خویشکانە نەدایە تو کەسانە

ستێربانۆ سەیری کرد کە جوانیی کە خودا داویە بە هەر دوو خوشکان نەیداوە بە هیچ کەسێک

ئەوجا ستێربانۆ کەوڵی خۆی کردەوە بەر و، ئەوەی دووەکەی تری پڕ دایە و بردی و بەسەریا- نەوە کەوتە فڕینەوە، هات و هاوار کەوتە دوو خوشک، کچێ تۆ بۆچی وا دەکەیت ؟

وێ گۆت : " من هین نەدییە مینا جەمالا وە هەردییانە

ئەز دکم خوەش بنهێرم لـ جەمالا وە هەر دوو خویشکانە

ئەو گوتی: من هێشتا نـەمدیتووە جوانیی وەک ئەوەی هەرتکتان، پێم خۆشە جوانیی ئێوە هەردوو- خوشکان سەیربکەم . گوتیان کچێ ئەوە تۆ دەڵێیت چی ؟، جوانی ئەوەیە کە دوو کەس هەیانە :

یەک کورێ میرێ مغربییانە، ئەو میر پادشاهێ کوردانە

یا دن باڤێ وێ مەزنێ جزیرا بۆتانە

کەچا میر زەنگین . زینا زێدانە .

یەکێکیان کوڕی میری مغربییانە، ئەو میرە پادشایکوردانە، ئەوەکەیتر، باوکی، مەزنی جزیرا بۆتانە، کچی میر زەنگین، زینا زێدانە .

دوو خوشـک چەندی کردیان، سـتێربانۆ جلوبەرگە کەوڵەکەیانی هەر نـەدانەوە و گوتی : تا ئـەو " مەم و زینە "م لێ روون نەبنەوە، ئێوە ئەو جلوبەرگەتان نابیننەوە . ئیتر دوو خوشک سوێندیان بۆ خوارد کە تۆ جلوبەرگەکەمان بدەوە، شـەرت بێت هـەر ئـەمشەو بچینە شـاری جزیرا بـۆتان، زین هـەڵگرین و بیبەینە کۆشـکی پـادشای وڵاتی مغربییان، ئیتر ئێمەش بۆخۆمان تێر سـەیریان دەکەین، بەڵێن بێت هەر ئەمشەو بیکەین، بەڵام چۆن بەڵێنێک ؟

ئیشەڤ، وەختێ عەشایێ، گۆتنا مە گۆتنا ژنانە

ئەمشەو، کاتی عەشایێ( خەوتنان)، قسەی ئێمە قسەی ژنانە، ئیتر هیچ ئەملا و ئەولای تێدا نیە . ستێربانۆ جلوبەرگی دانەوە، ئەوجا هەرسێکیان لە کانیێ گوڵانەوە فڕین و چوونە جزیرا بۆتان و، بە شکڵی سێ کەو، لە پەنجەرە و ڕۆچنانەوە چوونە ناو کۆشکی ماڵی زین . زین لە خەودا بوو . خستیانە تابووتێکەوە، جندۆکە و پەری خستیانە سەر شانیان و بە چرا و مەشخەڵانەوە بردیانە کۆشکی مەمێ ئالان . زینیان لە ژووری خەوی مەمدا لە سەر جێگایەکی خەوی نیزیک لەوەی مەم درێژ کرد و، هەرسێک دانیشتن لە پەنجەرە و ڕۆچنانەوە بۆخۆیان لە ئەو هەمووە جوانییەی ئەو دوو جوانانە بنۆڕن .

پەری، فوویەکیان لە مەم و زین کرد تا لە خەو هەستن . مەم چاوی کردەوە، چی ببینێت : ئەوە کاری جندۆکە و پەرییانە ؟ دەرگا و پەنجەرە هەمووی داخراوە، غەریب چۆن دەتوانێت بگاتە ئەوێ ؟ خەون دەبینێت یا ... چۆوە ناو جێگا و ..، بەڵام نەخێر، هەستایەوە، لێفەی لەسەر زین لادا و سەیری کرد " نەهێری کو نە جنە، نە پەرییە، ئەسڵ بەشەر و ئینسانە" . دیسان چۆوە ناو جێگا، دیسان گەڕایەوە و دیتی ( وەسفێکی جوانیی زین) و هەر وا مایەوە . بەڵام زین هەر لە خەو هەڵنەستبوو، پەری دیسان فوویەکیان لێ کرد و، لە خەویان هەستاند، ئەوجا نۆرەی ئەو بوو :

گەلۆ، نەبە کو ئاڤێتە سەر من بایێ جن و پەرییانە ؟

ئەوجار لەبەرخۆیەوە زەمینەی دنیای خۆی باس دەکات :

بازارێ جزیرێ لـ سەر سێ محەلانە

محەلەک لـ سەر ملێ شێخێ تجارانە

محەلەک لـ سەر بۆزبەلییانە

محەلەک لـ سەر ملێ حەسەن، چەکو و قەرەتاجین، پسمامێ منن، مینا چێلکێن شێرانە

( پسمام= ئامۆزا؛ چێلک = بەچکە) .



MEMÊ ALAN
Dilketiyê Bextreş



**ZÎNA ZÊDAN**
Dîlbera çeleng û reben

خـەیاڵێکی زۆری زۆر ئیحتیمالان دەکات . ئەوجا مەم و زین پێکەوە دەدوێن، سـەرەتا یـەکتر بە کاری ناڕەوا تاوانباردەکەن، بەڵام بەهۆی دەموڕاوێژی جوان و گران و بەڕێزیانەوە، هەرتک‌لا تێدەگەن کە نەخێر، بەرانبەرەکەیان هی کاریخراپ نیە و، دیارە ئەوە قەدەرێکە بەدەستجندۆکە و پەرییان پێکهاتووە. زانیارییەکی زۆر لەبارەی ژیان و ماڵ و حاڵی هەرتک‌لا لێرەدا جێکرا-وەتەوە، بەنموونە : کۆشـکی مەم، زیندانی بۆ تاوانباران، دیوەخانی بۆ بەڕێزان، لاوانی کە تازە تەمەنیان دەگاتە پازدە ساڵ، بۆ خوێندن لە نهۆمی‌سێیەمدان و هەموو"لـ سەرتەخت و کورسییانە" ...

مەم و زین، تەختی خەویان هێنانە لای یەکتر و، ئـەنگوستیلەیان گۆڕینەوە، کە هەر کام ناوی لە سەر ئەنگوستیلەی بوو :

لـ سەر ئا مەمێ نڤیسییە " مەمێ ئالان"ـە

لـ سەر ئا زینێ نڤیسییە " قیزا میرێ جزیرا بۆتان زینا زێدان"ـە .

(ئا = هی؛ نڤیسییە = نووسراوە).

حەمایەلی مەقبوول و شمشیری نێرگزیان لەنێوانخۆیاندا دانا و، بڕیاریان دا بە خوشک و برایی ئەو شەوە ببەنە سەر و، کە ڕۆژ بۆوە، مەلا و عالمان بانگ بکەن و بە شـەرعی یەزدان ببن بە ژن و مێرد . ئیتر بە دەم قسە و باسانەوە خەویان لێ کەوت .

پـەری، گوتیان دە توخوا ئەوە چ گوناهێک بوو کردمان، هەر چـونکە خوشکی بچووک گڕووی گرت و بەڵێنمان پێ دا، چووین ئەو کیژەمان هێنایە ئێرە . با بیبەینەوە شوێنی خۆی. ئیتر"زین"-یان بردەوە کۆشکەکەی میری جزیرا بۆتان و خستیانەوە ناو نوێنەکەی خۆی .

زین، کە لە خەو هەستا، دیتی کە نە مەم هەیە و نە جێگای و نە هیچی جگە لە ژووری نوستنی ئاسایی هەمیشەی . مەگەر دەبێت خەونی دیبێت ؟ ئەدی خۆ ئێمە ئەنگوستیلەمان گۆڕینەوە ... سەیری کرد، ئەنگوستیلە دە قامکیدایە و لەسەری نووسراوە :" مەمێ ئالان پادشاهێ کوردانە" .

زين هاواری لێ هەستا، کەنیزەکان لێی کۆبوونەوە ببینن چ باسە، هەمووی دەرکردن و، چۆوە ناو جێگاکەی و، کە تەنیا بوو، جلوبەرگ و زێڕ و زەنبەری خاتوونانی وەلانان و

لـ خوە کر کراسەکی رەش، بێ عەرەبانە

کو نە هێژایا دو قرووش و نیڤانە

کراسێکی رەشی عارەبانی کردە بەر کە دوو قرووش و نیوی نەدەهێنا .

زین ئیتر نەیدەویست قسە لەگەڵ کەس بکات. خەبەریان بە میرئەزین، میرێجزیرا بۆتان گەیاند

کو زین کەتییە بـ نەخوەشییەکە گرانە

میر هات و دیتی

حەیفا چاڤێن رەش و بەلەک، خراب بوونە مینا چاڤێ دینانە

حەیفی چاوانی رەش و بەڵەک، خراپ بوون وەکو چاوی‌شێتانە. میر،حەکیم و بژیشکی نەهێشتن هەمووی هێنان، هەریەکە و شتێکی گوت . زین گوتی : بڕۆن، خۆتان و دەرمانتان، ئەوانە هیچی نین و، لێمگەڕێن .

لەولاوە،"مەم" یش، کە لە خەو هەستا و" زین"ی نەدیت، بە هەمان حەپەسانەوە کەوتە خەیاڵەوە و، کە سەیری ئەنگوستیلەکەی قامکی کرد و، ناوی"زینا زێدان کەچا میرێ جزیرا بۆتان"ی تێدا دیتەوە، ئارامی لێ هەڵگیرا و، هەر لە ژووری نوستنی دەرنەچوو .

کە رۆژ درەنگی‌کرد، لەبەر دەرگا گوێیان‌گرت، دەنگی‌ناڵین دەهات، نەکات پادشا نەخۆش بێت ؟ ناچار لە دەرگایان دا . مەم گوتی : وەرن . کە " بەنگین "ی پوورزای (خوارزای عەمەر بەگ) و فەرماندەی هەزار و پێنجسەد مێرخاسی، لە پێشەوە چوو،سەیری‌حاڵی کرد، دیتی زۆر پەرێشانە .

تۆ بڵێیت کە چووینە راو، چاوی بە کیژێک کەوتبێت و، ئەڤین وا پەرێشانی کردبێت ؟

ئەگەر چاڤێ تە کەتییە قیزەکە بەگ و ئاغایێن کوردانە

هەما تو لـ برایێ خوە بکە فەرمانە

نە بـ یا من، بـ یا خودایێ کەرەمێ، پادشاهێ پادشانە

د ناڤا بیستوچار ساعەتاندە، ژ تە ڕە بینم ژ ناڤ باژارێ مغربییانە

ئەگەر مەراقەکە دن ژ تە ڕە بوویە خویانە

بێژە، ئەزێ نها بقەدینم و وەختێ خوە نابۆرینم

ساعەتێ ناکم ددییانە

مەم گوتی : بـەنگین، بە هیچ کەسێک مـەڵێ، " بۆز"م بۆ زین و ئـامادە بکە و، لەگەڵم وەرە، بە نهێنی دەرچین، بمخە سەر ڕێگای جزیرا بۆتان و بەجێم بهێڵە .

بەنگین، بەم قسەیەی مەم زۆر تێکچوو، چوو هاواری بردە بەر داپیر و باپیر : بۆ خاتری خودا ئەوە چ حاڵە بەسەر مەم هاتووە، دەیەوێت بچێتە سەر ڕێگای شوێنێک کە دەڵێت ناوی " جزیرا بۆتان"ـە . شوێنێکی کە نە کەسمان قەت دیتوویە و نە کەسمان قەت بیستوویە .

چوویین بـ دەڤ گەنگازە، لێ ڤەگەر نە بـ دەستێ مەرییانە

چوون بە دەم هاسانە، بەڵام گەڕانەوە بە دەستی مرۆڤان نیە .

چەندی بە دەوریدا هاتن و لێیپاڕانەوە کە : ڕۆڵە، ئەوەی تۆ دیتووتە کچ نەبووە، شەیتان بووە و گاڵتەی پێ کردوویت، تۆ نـاکرێت بۆ ئەوە حـەسرەت بخەیتە دڵی ئێمە و ئـەم خـەڵک و شـار و وڵاتەوە، بەسە ئیتر، وشیارەوە بە؛ بێ فایدە بوو . مەم گوتی : دەرمانی من لێرە دەست نـاکەوێت

دەرمانێ من گەلەک دوورە لـ باژارێ جزیرا بۆتانە

تاسەک ئاڤا کانییا قەستەلێ لـ سەر دەستێ زینا زێدانە

وێ لـ من ببە حەکیم و دەرمانە

باوک جاڕی دا، سێ شەو و سێ ڕۆژان، بانگیان لە خەڵکی وڵات کرد کێ هیچ لە جزیرا بۆتان و ڕێگای دەزانێت با بێت پێمان بڵێت و بە زێڕ پاداشی دەکەین، بەڵام بێهوودە بوو، کەس نەبوو جزیرا بۆتانی دیتبێت یا بیستبێت . ئەوجا باوک گوتی : با هەرچی کچی جوان و شۆخ و شەنگی

ئەم وڵاتەیە بێن و" بگرن دیلانان و گۆڤەندانە"، بەڵکو جوانێک لەوانە جێگای زین لە دڵی مەمدا بگرێتەوە . هەمووی کرا :

دەنگێ دەف و زرنایان و تلیلیلییان خوە ددانە تاقێ ئەزمانانە

لە لایەکی ترەوە دەروێشان و دەف و خەلیلانە و، زیکر و دوعایانە . بەڵام نەخێر، هەمووی بێ فایدە بوو و، بێ فایدە بوو .

باوکی مەم، بە دوو براکەی خۆی و دایکی مەمی گوت کە : ئەگەر مەم لەم حاڵەیدا بمێنێتەوە، رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێت و بەو دەردەوە سەر دەنێتەوە و

نا، گاڤا ئەم نەهێلن، تەقەز گونەهێ وی لـ ستویێ مە هەر چارانە

نا، کاتێک ئێمە نەهێڵین (کە بڕوات)، حەتمەن گوناهی ئەو ( کە بەم خەمەوە لەناودەچێت) لە ئەستۆی ئێمە هەر چوارانە . لەدواییدا، ناچار، رازی بوون کە بڕوات .

مەم بەوە گەشایەوە و سواری"بۆزێ رەوان" بوو و کەوتە رێ . تا تاریک داهات بە رێگاوە بوو و، ئەوجا زانی کە رێگای هەڵەکردووە، گەڕایەوە کەناری شاری مغربێ و، شەوەکەی بە نهێنی لە ماڵی مغرببیەک مایەوە و بەیانیی زوو دیسان بۆی دەرچوو . نوێژی شیوان گەیشتە شوێنێک، تووشی کالۆ" خدر" بوو و، پێکەوە نوێژیان کرد، ئەوجا پێکەوە رێگایان گرتە بەر، ئەسپی خدر لە بۆزێ رەوانیش خێراتر بوو، رێگای شەش مانگیان بە پازدە رۆژ و پازدە شەوان بڕی و، گەیشتنە نیزیکی جزیرا بۆتان . خدر وەستا و گوتی :

مەمۆ ، کوڕێ من، تو دچی جزیر، ژ بۆنا زینا زێدانە

د ناڤ وەدە هەیە عەشقەکە دلانە

من دڤێ لـ تە بکم چەند شیرەتانە ( من دەمەوێت چەند نەسیحەتێکت بکەم) :

کە بتەوێت بچیتە جزیرا بۆتان، رووباری پان و مەزنت لە پێشە، نە کەڵەکی لێیە و نە گەمییانە، لەوبەریش دەبینیت تەم و مژە (دوومانە)، کچێک بە جادوو خۆیت بە شێوەی زین پیشان دەدات،



BOZÊ REWAN
Kuriyê behrê

ئەوە کچی " بەکۆیێ ئاوان"ـە، باوکی بە رەملان زانیویە کە تۆ دەچیتە "جزیرا بۆتان"، کچەکەی ئاوا ناردووەتە سەر رێگات، تاکو فرێتبداتە" گۆلا خوینییانە"، وریا بە مەم،نەکەویتە داوییەوە .

ئیتر خدر، لە دوای ئەو ئامۆژگارییەی، لەبەر چاو ون بوو .

مەم دیتی سێ کەو بە ئاسمانەوە و شاهێنێک لەپێشیانەوە دەفڕین، ئیتر ئەویش لە رووبارەوە بەدوویانەوە روو لە هەمان ئاقار چوو. مەم دیتی هەرچی خدر گوتی وابوو، تەم ومژ بوو، کچێک بە رەنگ و دەنگی زین بانگی دەکات و هەموو ئەو شتانەی پێدەڵێت کە لە نێوان خۆی و زیندا روویانداوە، تەنانەت پێشیدەڵێت : ئەمەتا ئەنگوستیلەکەت لە قامکمدایە، بەڵام مەم پێیهەڵناخەڵەتێت و، پێی دەڵێت : کیژێ، دەزانم تۆ کێیت، وازم لێ بێنە بە رێگای خۆمدا بڕۆم .

مەم کە لە دیجلە پەڕییەوە، تووشی شوانێک بوو، پرسیاری رێگای لێ کرد، شوانە رێگای پێگوت و، مەم چنگێک زێڕ و پارەی دایە و، گوتی خودا حەز بکات یەکتر دەبینینەوە .

کچیبەکۆ، کە دیتی هەموو هەوڵەکانی بۆ تەفرەدانی مەم بێهوودە بوون و وا مەم دەچێتە جزیرا بۆتان، ئەمجارەیان بە شێوەیەکی تر هاتە سەر رێگای : " خوە شلف کر"( خۆی رووتوقووت کردەوە) و، گوتی : مەم بەڵێنم پێ بدە کە داواکەم جێبەجێدەکەیت، دەنا هەموو جزیرت دەهێنمە سەر و دەڵێم کە ئەم سوارە غەریبە هاتووە پەلاماری ناموسم دەدات . هەرچەندە مەم گوتی : خوشکی من، من پادشاهی کوردانم و، قەت بە چاوی خراپ سەیری هیچ کچێک و ژنێکم نەکردووە و، کار بە درۆیان پێکنایەت، واز بێنە . بێ فایدە بوو. کچ گوتی : باشە تۆ زین بهێنە، بەڵام منیش ببە . لە جیاتی ژنێک، دوو ژن لە پشت خۆت بخە سەر بۆزێ رەوان، بۆزێ رەوان دەتوانێت هەمووومان بگەیەنێتەوە شاری مغربێ . مەم کە دیتی کچ وازی نەدەهێنا و دەیویست فەزیحەتێکی لە جزیر بە سەر بهێنێت و هەموو شتێکی لێ تێکبدات، بۆ ئەوە کە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، ناچار گوتی : باشە .

کچ گوتی : جا ئێستا کە بەڵێنی مەردان درا، لە ئەسپەکەت دابەزە تاکو باسی جزیرا بۆتانت بۆ

روونبکەمەوە . مەم دابەزی و گوتی : بلّێ . کچ گوتی : بازاڕی مە ئێستا سێ بەشە : بەشێکیان هی کوڕەکانی " میر تـاجین"ـە و، بـازرگانان لەوێ دەژین . بەشێکی تر هی کـوڕەکانی " میر جەلال"ـە، حەسەن و چەکۆ و قەرەتاجین، جێی سەرۆکی دزان و کەلەشانە ( شڕ و دڕان) .

بەشی‌سێیەمیش هی کوڕی میر زەنگین، میرێ جزیرا بۆتانە. ئەوانە هەموو لە بەرەبابێکن . میر تاجین، دوو کوڕی هەن : بچووکەکەیان ناوی"میر شـەم"ـە، گەورەکەیان ناوی" میرسێڤدین"ـە .

میر زەنگین هەر یەک کوڕی هەیە، ناوی"میر ئـەزین"ـە، کە ئێستا لە جێگای باوکی‌خۆی میری شاری جزیرا بۆتانە. میر شەم و میر سێڤدین، ماڵی‌بازرگانییان لە وڵاتان لە گەڕاندایە . حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین، لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەر بە چەکەوە خەریکن

کارێ وان پێدا نژدە و تالانە

دڕژینن خوینێ، دکوژن مێرانە

( پێدا= دوای ئەوە، جگە لەوە؛ نژدە = هێرشی تاڵان و بڕۆ) .

ئەوجا ئێستا کە تۆ بۆ زین دەچیتە ئەوێ، زین کچەئامۆزای‌حەسەنە، دەزگیران و شیربایی‌دراوی چەکۆیە، ئازیزی قەرەتاجینە . چەکۆ دەیەوێت لەم رۆژانەدا زین بگوازێتەوە، بـەڵام میر شـەم و میر سێڤدین لێی بوونەتە کۆسپ و لە سەر ڕێی وەستاون، دەڵێن : حەسەن، خۆ ئێمە هـەموومان ئامۆزاین، تۆ "ستی"ی چاوبەڵەکت برد، دە با " زین" بۆ ئێمە بێت و، هەر دەبێت بۆ ئێمە بێت و، ئەگەر کەسێکی تر بیەوێت ئەوا " بلا خوە ژ بۆنا مرنێ حازر کە، بشدینە" ( با خۆی بۆ مردن ئـامادە بکات و بێتە مەیدانێ، خـۆی لە بەرانبەرماندا تـاقی بکاتەوە) . حەسەن دەڵێت : ئـەوە سێ ساڵە ئێمە پارەی کاروان و کاری بازرگانی دەدەین بە زین و میر ئەزین، کەچی ئێستا کە دەما- نەوێت کچ بۆ دەزگیرانی بگوازینەوە، ئـامۆزاییتان وەبیر هاتووەتەوە و، دەتـانەوێت ببنە کۆسـپی سەر ڕێمان

تو دزانی، ئەز دینم و گرگینم ( دزانی = دەزانیت؛ دین= شێت؛ گرگین = سەرگەرم،

عەسەبانی) .

ئەزێ شووری نێرز ژ کالانێ بکشینم(شووری نێرز= شمشیری دەبان)

و کە پێویست بێت، زین بە زۆر دەبەم، دەیرفێنم .

" میر ئەزین"ی ئامۆزا، بە ئەو کێشەیەی نێوان ئامۆزایان زۆر نـاڕەحەت بوو . گوتی : کە وای لێ هات، زین بۆ هیچ کام لە ئێوە نـابێت . ئێستا هـەر بـازرگانێک لە وڵاتێکی غـەریبەوە بێت و داوای زین بکات، دەیدەمێ و هەرچی پارەی ئێوە سێ برا داوتانە، دەتاندەمەوە و ببڕێتەوە .

چەکۆ و براکانی گوتیان: نەخێر، خۆ ئێمە سەودای کاوڕانمان نەکردووە، ئەوە بووکی خۆمانە و دەمانەوێت و، ئـەگەر بە زۆریش بێت هـەر دەیبەین . ئـامۆزایان بەو جۆرە تێکچوون، هـەموو خۆیان بـەست ( ئیدی بەچەکەوە بوون) و نـەچێ- نـەچێ ( خراپ- خراپ) وا سەیری یەکتریان دەکرد، هەر وەک کە لە باب و باپیرانەوە دوژمن بووبن .

مەم، ئێستا کە دەچێتە جـزیر، پیرەمێردێک دێتە سـەر ڕێگات و پێتدەڵێت فـەرموو میوانـم بـە، نەکەیت، ئەوە باوکی بەدکاری منە و دەیەوێت کەتن بدات، ئاوزەنگی لە ئەسپت بدە و لێی دوور بکەوە . بۆ ئـاگاداریت، ماڵی بـاوکم کۆخێکی بچووکە " مینا پینا مریشـکانە" ( وەکو کولانەی مریشکانە)، کە تێکەوتیت، دەخنکێیت و، ئیدی نـاگەڕێیتەوە لای دایکی پیر و " کالێ باڤانە " .

زۆر کەس لە بازاڕی جزیر پێتدەڵێن فـەرموو چەند ڕۆژان میوان بە، نـەکەیت، ئەوانە " نە ژ بۆ تە، بـ تەنێ ژ بۆ گەوهەرانە"، ( نە بۆ تۆ، بە تەنیا بۆ گەوهەرانە) . مەچۆ هیچ ماڵێک، هەر بپرسـە ماڵی حەسـەن، چـەکۆ و قـەرەتاجین " کیژانە ؟" ( کامەیە ؟ ) . لای ئەوان لە " کەلەهێ فۆلانە "( قەڵای یاسەمینان)، بۆ دەردەکەت دەبینییەوە "دەرمانە" .

مەم گەیشتە " بازاڕێ جزیرا بۆتان" . هەر لە لای دەروازەی شار، پیرەمێردێک تکای لێ کرد میوانی بێت، مەم سوپاسی کرد و لەگەڵینەچوو و گوتی من دەچمە لای حەسەن، چەکۆ و قەرە- تاجین "هەر سێ جەلالییانە". بەکۆ، کە دیتی مەم نەکەوتە داوییەوە،"ڕەشبەڵەک"ێکی لە گیرفانی



**MEM**
**Li ser riya Cizîrê**

مەم لە سەر رێگای جزیرا بۆتان

دەرهێنا ( رەشبەلەک = نـامە؛ جەرگەبەز = هەڵپەرکێی ژنان و پیاوان پێکەوە) و گوتی : ئـەم نامەیە هی باوکی پیر و هەر دوو مامەکانتە. لە نامەدا نووسراوە : مەم، کە چوویتە جزیرا بۆتان دەبێت میوانی ئەو پیرەمێردە بیت، ئەویش برای ئێمەیە و " لـ شوونا ئاپانە" (لە جێگای مامانە) . مەم لێکیدایەوە،کەس لە " مغرب " دەستنـەکەوت قـەت جزیرا بۆتانی دیتبێت یا بیستبێت، ئـەو نـامەیە کەی و چۆن نووسرا و گەیشت ؟ خۆ ئەو بە پازدە رۆژان رێگای شەش مانگی بڕیوە تا گەیشتووەتە ئەو شوێنە . بـەڵام گوتی : با لە نیزیکەوە سەیرێکی ماڵەکەی بکەم بزانم " مینا پینا مریشکانە"؟ ئەگەر وابوو ئیدی هیچ گومانناهێنێتەوە کە ئەوە بەکۆیە. لەگەڵی تا بەر دەرگا چوو، دیتی رێک " مینا پینا مریشکانە " . مەم لەبەر دەرگا وەستا و، بەکۆ چـووە ژوورەوە تا بۆ مەم رابخات " جل و کولاڤانە" (جل = بەڕە؛ کولاڤ = لباد) . مەم ئاوزەنگی لێدا دەرپەڕی و لێی دوورکەوتەوە .

مەم،" ئەسیر"ێکی لە بازاڕ دیت(ئەسیر= کۆیلە، بەڵام لێرەدا: رەشوڕووتێکیهەژاری ناوبازاڕ)، رووی لە ئەسیر کرد تا پرسیاری رێگای لێبکات . ئەسیر هەستا و هەوساری" بۆزێ رەوان"ی گرت و، بە گریان بە " مەم "ی گوت : ئاخ و داخ کە من زۆر هەژارم و،" نکارە تشتەکی بکە مێرێ خزانە "( پیاوی هەژار ناتوانێت هیچشتێک بکات)، ئـەگەر هەژار نەبوومایە، ئـەمشەو لە ماڵی خۆم میوانداریيمدەکردیت . مەم گوتی : " تۆ شێتیت، تـۆ بەو حاڵە میوانداریی چی و شتی چی ؟ دەمەوێت رێگای ماڵی "حەسەن"، "چەکۆ" و" قەرەتاجین"م پیشان بدەیت . ئەسیر گوتی : خۆزگە لەبەر پێی ئەسپەکەت سەرتدەبڕیم و ئەو بەراوردەت نـەدەکرد . ئەو بەراورد کردنە لە جزیرا بۆتان " عەیبا گرانە"، ئێستاش مادام کە تۆ لای هـەژار و نـەداران لانـادەیت و دەتـەوێت بچیتە ماڵی گەورە و دەوڵەمەندان، بزانە کە

د رۆژا تەنگـدا نامووس بـ دەر تێ ژ فەقیران پرتری بەگان و ئاغانە

لە رۆژی تەنگانەدا نامووس بەدەردەکەوێت لە فەقیرانەوە پتر، تاوەکو لە بەگان و ئاغایانە

ئـەگەر ماڵێکیگەورەشم نـەبێت تا دابەزیتە لام، خەمی خۆتم پێ بڵێ، بەڵکو بە دوو پارە و نیوان بەکەڵکت بێم! مەم دڵی پێ سووتا و، گوتی برا، من لە وڵاتی خۆم پادشا بووم، هاتووم بۆ زینێ زێدانە . زینێ زێدان ؟ ئەسیر هەمان چیرۆکی کێشەی ماڵی زین و ئـامۆزایانی بۆ گێڕایەوە کە مەم لە کچی بەکۆی بیستبوو . مەم گوتی : جا ئـەگەر کێشە بە پارە چارسەر ببێت، بە دانەوەی قەڵەن بە ئـامۆزایان، ئەوا بـرای زین کـەسێکی لە من دەوڵـەمەندتری دەست نـاکەوێت . ئـەسیر گوتی : " کا چیی تە هەیە ؟ " ( کـوا تۆ چیت هەیە ؟)، هیچ لە کەسێکی خـاوەنی پـارە نـاکەیت، سـوارێکی بـەتـەنیا، لەدووتەوە نیە هیچ " کاروانەکی مەزن و گرانە"، ئـەگەر تۆ خۆت بە چـوار قرووشی گیـرفانت هـەڵدەخەڵەتێنیت، ئـەوا بـزانە کەس نـاتوانێت بە پـارەی گیرفانی بـچێتە بـەر دەرگای جوامێرانە . مەم گوتی : بـرا، دەوڵـەمەندیی خەڵکی لای ئێمە وەکو ئەوەی جزیر بە پـارە نیە، ئەم " تـەرکی"یەم ( جێ خورج و هەگبەی بە پشتەوەی زینی ئەسپ) گـەوهەربەرە، دەتوانم هـەموو جـزیرا بـۆتانی پێ بکڕم . ئەسیر گوتی : نـا، ئەو گـەوهەربەرەت لێرە ئـەوەندە نـاکات، ئـەسپ لێرە بەنـرخە، ئـەگەر ئـەم ئەسپەت لێرە بـفرۆشیت، زۆرت دەسـتدەکەوێت لە " گەنج و دەفینانە " . مەم گوتی : دە هەوساری ئـەسپەکەم بگرە و پێشم بکەوە بمبە " مەزادا هـەسپانە " . کابرای هەژار، مەمی بردە بازاڕی مەزادی ئـەسپان . مەم لە ئەسپی دابەزی و چووە قاوەخانە- یەک

ژ مەمێ‌ڕە کورسی دانین، بوو شینگینا فینجانانە

کورسییان بۆ مەم دانا، بوو بە شینگینی(دەنگی) فینجانان . مەم، ئـەسپەکەی دایە دەست دەڵاڵێک تا جاڕی بۆ بدات. خەڵک سـەیری جوانیی ئەسپیان دەکرد، کە زوو- زوو لەسەر هەر دوو پەلی پـاشـووی دەوەستا و جوانیی لێ دەباری، هەموو دەیانویست بیکڕن، بـەڵام بە ئەوەندە گەوهەری نایاب بە زین و رەختەوە، کەس نرخی کڕینی بۆ پێکنەدەهات .

پیاوێکی زۆر دەوڵـەمەند لە جـزیر هـەبوو، تـەمەنی دەوری حـەفتاو پێنج سـاڵ بوو، کە هەمیشـە

فیزی بەسەر خەڵکدا لێدەدا و دەیگوت من دەتوانم هەمووتان بە ملك و ماڵ و هەرچی هەتانە بە پارە بکڕم . خەڵک چوونە لای و گوتیان دە فەرموو وەرە، ئەگەر دەتوانیت ئەم ئەسپە بکڕە و، حەیامان لای ئەو غەریبە بکڕەوە، ئێمە بە هەموومان ئەسپەکەیمان پێ ناکڕدرێت . دەوڵەمەند هات و، قسەی لەگەڵ مەم کرد، دیتی کە ئەوە دیارە لە پادشایانە و، لە جیاتی سەودای ئەسپ تکای لێ کرد کە " شاهێ من " بچێت ئەو شەوە ببێت بە میوانی و لە حاڵی تێبگەیەنێت .

مەم لەگەڵیدا چوو، کۆشک و سەرای پیاوی دەوڵەمەندی دیت، مەگەر هەر ئەو خۆی لە مغرب کۆشکی وەهای هەبێت، ئیتر غەریبیی ماڵ و حاڵ و کەسوکاری خۆی کرد و فرمێسکی هەڵوەرین . دەوڵەمەندەکە گوتی : تۆ هێشتا جەوانیت و، " لاوێ من، سەرێ مێران وەک چیایێ بلند هەر بـ مژ و دوومانە "، ئەمشەو لای من بمێنەوە، قسان دەکەین و، چیت پێویست بێت لە سامانی دنیا، من دەیخەمە بەر دەستت .

مەم گوتی : نا مامە گیان، کاری من نە بە" پارانە"، کاری من " بـ کوشتنا مێرانە ". دەوڵەمەندە-کە گوتی : کە باس بێتە سەر " کوشتن"، دەبێت بچیتە ماڵی " حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین، هەر سێ برانە". ئەمشەو لای من بمێنەوە و، سبەی من دەتبەمە لای ئەوانە . مەم دیتی باسی هەموو ئەو خەڵکە هەر دێتەوە سەر ئەو سێ برایانە، ئیتر نەیویست لە ماڵی دەوڵەمەندەکە دابەزێت و، ڕۆیشت، چووە ناو بازاڕ و مەزادی شار . دیتی چەند عەبەبۆزێک( بێکار و لات) لای قاوەخا-نەیەک وەستاون . مەم پێیگوتن : بێ زەحمەت لەگەڵم وەرن ماڵی ئەو سێ برایانەم پیشان بدەن .

عەبەبۆز لە پرمەی گریانیان دا، گوتیان خۆزگە ئێمەت لە بەر پێی ئەسپەکەت سەردەبڕی و ئەو قسەیەت نەدەکرد؛ تۆ غەریبیت و کەوتوویتە ئەم شارەی ئێمەوە، ئەگەر ئێمە لای خۆمان میوانداریت نەکەین و، ڕاست بتبەینە شوێنێکی تر، ئێمە ئیتر ئابروومان لە ناو شاری خۆماندا نامێنێت، خەڵک چیمان پێ دەڵێن ؟

وێ بێژن : " ما بـ وەرە تونەبوو نامووس، شەرەف و ویجدانە ؟!"

دەڵێن : مەگەر ئێوە هیچ نامووس و شەرەف و ویجدانێکتان نەبوو ؟

مەم گوتی : " برانو"(برایان)، من کارم هەر لای ئەو سێ کەسەیە و تکادەکەم لە دڵی مەگرن و، ماڵی ئەوانەم پیشانبدەن . یەکێک لە عەبەبۆزەکان، کە پیاوێکی عاقڵ بوو و، لە رابردوودا مرۆڤێکی بەڕێز ببوو، گوتی مادام ئەم سوارە بەڕێزەی کە دیارە لە پادشایانە وەهای دەوێت، من لەگەڵیدا دەچم و ماڵی ئەو سێ شێرەی پیشان دەدەم . ئیتر لەگەڵی چوو و، لە رێگا ئەو خەڵکە، بەتایبەتی کیژی بەگ و ئاغایان دەوەستان و بە جوانیی ئەو سوارە غەریبەیان هەڵدەگوت .

عەبەبۆز، بە رێگاوە، کۆشکی ماڵی " میر ئەزین"ی پیشانی مەم دا و، ئەوجا ماڵی سێ برایان کە لە پشت ئەوەوە بوو. مەم سێ گەوهەری لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە عەبەبۆزەکە و گوتی : ئەوە بۆ خۆت و هەڤاڵەکانت، ئیتر لە درێغیی برای خۆتان ببوورن، بەڵام دڵنیا بن من ئاگادارتان دەبم و

کو ئەگەر ئەز پڕ مام لـ مالا حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین هەر سێ شێرانە

تـەڤی گەلێ هەڤالان وەرنە جەم من ئەزێ دەبارا وە بدم مینا کو عەسکەرێ حکومەتێ دگرن مەعاشانە

ئـەگەر من لە ماڵی حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین، ئەو سێ شێرانە زۆر مامەوە، وەرنـە لای من، من پێویستیی ژیانتان دەدەم و، دەتاندەمێ وەکو عەسکەری حکومەت مەعاشانە .

مەم چووە ماڵی ئەو سێ برایانە . ئیتر لەلایەکەوە حەسەن بە راکردن دەچوو پێشوازیی لێدەکرد و، دە باوەشی دەگرت و، دەیبردە ژووری سەرووی جێی گەوران . چەکۆ لەلایەکی ترەوە مافوور ودۆشەگی بورسی (ی کاری شاری بورسا) و سەرینی رێکدەخستن .

قەرەتاجین دکرە قیرین ژ خولام و سایسسییانە ( بۆ بۆزی رەوان) .

دەر و دراوسێ و، ئەولاتر، تا ئەوسەری شاری جزیرا بۆتان، ئیتر باسیان هەر باسی ئەو میوانە گەورە و گرانە، ئەو پادشاهێ کوردانەی ئێجگار زۆر جوانە بوو لە ماڵی ئەو سێ برا شێرانە .



**HESEN**

حەسەن



**ÇEKO**
**Destgirtiyê dilbirîn**

چەکۆ



QERETACÎ N
bendeyê kekê xwe

قەرەتاجين

کیژان و ژنان لە پەنجەرانەوە چاویان‌دەگێرا بەڵکو ببینن، خەڵک بە دەوری ماڵەکەوە دەسوورِا-
نەوە و، سەیریان دەکرد، بەڵکو لە گۆشەیەکەوە چاویان پێ‌بکەوێت .

ئەوە حاڵی مەم .

" زینێ زێدان لەولاوە، لێکی‌دەداوە، خودایا ئەمە بوو بە شەش مانگ، من خۆشیی دنیام لە خۆم حەرام کردووە، کراسی عارەبانم کردووەتە بەر و خۆم حەپس کردووە و، ناهێڵم کەنیزەکێکیش بەلامەوە بێت . ئەدی مەم بۆچی ناجووڵێت ؟ مەگەر نازانێت عادەتی ئێمە وایە پیاو بە دووی ژندا بچێت، نەک ژن بە دووی پیاودا، تۆ بڵێیت مەم منی لە بیرکردبێت ؟ تۆ بڵێیت کیژێکی مەزنێکی مغربییان دڵی سەندبێت ؟ من وا دەزگیرانێکم هەیە " قەسابێ مێرانە" و، لەجیاتی ئەوە هەر وا بە وەهم خۆم بەخۆڕاییی دەسخەرۆ دەکەم ؟ چیم لێ قەوماوە ؟

زین بانگی لە " ریحانێ " کرد، کە نیزیکترینی کارەکەرانی و جێی پترین بڕوای بوو . ریحانێ بەوە زۆر شاد بوو کە زین دیسان قسە لەگەڵ دەوروبەری دەکات، بە پەلە چووە خزمەتی و گوتی

دە بێژە، خاتوونا من، تە چ ئەمرە، چ فەرمانە ؟

زین گوتی : دا بڕۆ یەک - دوو سەتڵم لە ئاوی" کانییا قەستەلێ" بۆ بهێنە، ئاڤا گولانە .

ریحانێ باز دا، چوو کانییێ، عەلب تژی کر ژ ئاڤا گولانە ــ

رایکرد، چووە کانییێ، سەتڵی پڕ کرد لە ئاوی گوڵان . ریحانێ، لە ڕێگای گەڕانەوەیدا، دیتی ئەو هەمووە خەڵکە بە دەوری ماڵی حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجینەوەن، دەسووڕێنەوە و مقۆ- مقۆ یانە . لە خزمەتکارێکی بەر دەرگای پرسی ئەوە چی ڕوویداوە ؟ کێ چ کەسێکی کوشتووە و کاری بە ئێرە کەوتووە ؟ کێ چ ژنێکی هەڵگرتووە ؟ چ هەرای شیربایی چ ژنانە ؟

خزمەتکار گوتی : هیچ لەوانە نیە . ریحانێ گوتی : عەجایب، مەگەر کێ بۆ چیی تر روو

لەوانە دەکات ؟ خزمەتکار گوتی کە ئەوە " پـادشاهێ کوردانە" و جوانی وەکو ئەو، دەوڵەمەند و بە شـان و شـکۆی وەها قـەت نـەبینراوە، ناویشی " مەمێ ئالان"ـە . ریحانێ بـاوەڕی نـەکرد، گوتی: ئەگەر ئەوە پادشا بێت دەچێتە ماڵی میر ئەزین، چ کاری بەوانە ؟ ئەوخزمەتکارانە پیشە-یانە هەمیشە درۆیان هەڵدەبەستن . خزمەتکارەکە گوتی : خوشـکی من، کە باوەڕم پێ نـاکەیت، وەرە،" مینا خومیینگ و برانە"، دەتبەمە بەر پەنجەرەی دیوەخانێ، بچۆ سەرشانی من و سەیری ناوەوە بکە، بە چاوی خۆت ببینە بزانە چۆنە .

ریحانێ، سـەتڵی دانان و پێلاوی خستنە لاوە و، چووە سەر شـانی خزمەتکارەکە و روانی، دیتی کە خزمەتکار تـەنانەت کەمیشی گوتبوو، ئـەوە جوانێکی ئێجگار زۆر بێ وێنە بوو . کە لە سەر شـانی خزمەتکار هاتە خوار، دیتی نە سەتڵ مابوون و نە پێڵاو . ئیدی هەر وا بە پێخواسی و بە بێ ئاو هاتەوە ماڵ . زین گوتی : کوا ئاو ؟ بۆچی پێخواسیت ؟ چی روویداوە ؟ بە چی خۆت خافڵ کرد و هەر وا هاتیتەوە ؟ ریحانێ هەمووی بە دوورودرێژی بۆ زین گێرایەوە .

زین بە بیستنی ئەوە

ژ نوهڤە دلێ وێ رابوو مینا بەحرانە (ژ نوهڤە = سەرلەنوێ)

پێلان خوە داڤێتن سەری هەیا لنگانە ( پێل = شەپۆل)

دیسا دەرد و کولان سەری هلدانە

لێ نە مینا بەرێ بێهێڤییە ژ هاتنا مەمێ، پادشاهێ کوردانە

ئێدی مەم هاتیە، گهاشتیە باژارێ وانە

دخوەست کو بـ ئاواکی بدەرکەڤە هەرە سەر کانییا قەستەلانێ، ئاڤا گولانە

( بـ ئاواکی = بە شێوەیەک، بە هەرشێوەیەک بێت؛ بدەرکەڤە = وەدەرکەوێت؛ هەرە سەر = بچێتە سەر)

گوتی : ریحانێ بە هەر چل و یەک کەنیزەک بلێ با جلوبەرگ بگۆڕن

بلا ژ خوه دمینن جلێن رەشیانە

لـ خوە کن جلێن عەیدا و شادییانە

باڤێن هستی‌یێ خوە زنجیر و ریشیێن حمێلانە

( بهاوێنە سەر ئەستو زنجیر و ریشەی - لێرەدا- چارۆکان ؟)

بدنە پشتا خوە حەلقە و چەنگەلێن ناڤتەنگان ژ زێرانە

( ببەستن ئەلقە و چەنگالی زێڕی کەمەربەندان)

زوو بلڤن، مەسەکنن، بەرێ نیڤ ساعەتێ، وە دخوازم لـ ڤرانە

( زوو ببزوون، مەوەستن، پێش نیو سەعات ئێوەم لێرە دەوێت )

ریحان رەڤیا درەقسی لـ سەر لنگانە

( ریحانێ رایکرد سەمای دەکرد لەسەر لنگانە)

بـ کەن و لیستک چوو جەم جاریانە ( بە پێکەنین و بازییەوە چووە لای کەنیزەکان)

ریحانێ چوو هەموو ئەو قسانەی بە چل و یەک کەنیزەکان گوت و، گوتی بانو پتریشی گوت بەڵام " من ژ بیرا کرن ژ کەیفانە" (من لە خۆشییان لەبیرم چوونەوە!)، ئەوجا ئێتر وەرن بزانن " چ ئەمرە، چ فەرمانە ؟" . کە هەموو هاتنە خزمەت زین، زین گوتی : ریحانێ شتێکی بۆ باس کردووم، عەقڵ نایگرێت، دەمەوێت بزانم ئەگەر درۆ بێت، روون ببێتەوە و ئەوسا بزانم چ بەڵایەک بەسەر ریحانێ بهێنم . من ئەوە شەش مانگە لە ماڵ دەرنەچووم، دەمەوێت بچن هەموو کچانی" بەگان و ئاغان و گرەگرانە "( گرەگر= مەزن، سەرناس) ئاگاداربکەنەوە، با بێن، دڵم دەیەوێت بچمە سەر کانییا قەستەلێ، بخۆمەوە لە ئاوی گوڵان و" هنەکی بگەرم لـ سەر مێرگ و چایرانە "( هێندێک بگەڕێم لە سەر مێرگ و چایەران، چایەر= لەوەڕگە، مێرگ) . کەنیزەک، هەموو بڵاوبوونەوە و کەوتنە کاری کە زین پێی سپاردن .

ئەوە زین .



BEKOYÊ AWAN
Biramakê Şeytan

بەکۆیێ ئاوان

مەم لەولاوە، لە بەر ئەو هەمووە خەڵکەی کە دەهاتنە سەردانی، نە خۆی دەیتوانی کەمێک بحەسێتەوە و نە مازووڤانانی . بەیانییانە بازرگانان دەهاتن، ئێوارانە مەزن و بەگ و، لە نێوان ئەو دووانەشدا میرزا و پساغا نە هەلی ئەومیان دەدا بە مەم بە سێ برایانی ماڵ بڵێت بە چ کار- ێک هاتوومەتە لایان و، نە بە برایان بزانن ئەو میوانەیان چ کارێکی بەوان هەیە تاکو بزانن بۆی بەجێبهێنن .

مەمێ د دلێ خودە دگۆت : خومزی دەڤ ژ من بەردانا ڤان خەلکانە

ئەو زینەی من بۆی گەیشتوومەتە ئێرە، دەزانم چەند ساڵە دەزگیران و قەڵەندراوی" چەکو "یە، دۆتمامی ئەو سێ برایانەی کە من ئێستا هاتوومەتە ماڵیان، ئێدی

کا من بکوژن، یان ژ دەرد و کولێن منڕە بینن دەرمانە

سێ براکەش، لە نێوان خۆیاندا باسیان کرد، کە ئەم میوانە مەزنەمان وا سێ رۆژ تێپەڕین کە لێرەیە و " ئیرۆ دبییە رۆژا چارانە"

مێر ژ وەڵاتێ خوە بدەرناکەڤە ئیللا ژ بۆ ئیشێن گرانە

دەبێت بزانین چ ئیشێکی گرانی پێمان هەیە، تا ئەرکی سەرشانمان بەجێبهێنین

ما دنیا نامینە ژ بۆ کەسانە

مێر دەمرن، کرا وان دمینە تەڤی ناڤێ وانە

حەسەن، دەرباس بوو، چوو هێلا مالێ، جەم ژنا خوە " ستی"یێ، بە " ستی"ی ژنی گوت :

ژوورێک جوان برازێنەوە و بە شووشەیەک عەتر بۆنی خۆش بکە، ئامادە و شایانی ئەوە بێت کە میوانەکەمان لە ئەیوانەوە بهێنمە ئێرە و، دوور لەو خەڵکە بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم .

ستی، ژووری ئامادە کرد. حەسەن چوو لە پەنا مەم دانیشت و، پێیگوت :

کەکێ، تە ئۆدا برایێ خوە دیت، ئەز دخوازم هنەکی تە ببم دایرا خویشکا تە ستییێ، هێلا ژنانە (هێل= جەغز، ناوچە، مەڵبەند) .

چوونە ئەو ژوورەی کە ستی ئامادەی کردبوو، دوای هێندێک سەیرکردنی " چەک و سیلەحانە"، حەسەن باسی کردەوە و گوتی :

برا، هەقێ مێڤانی‌یێ سێ رۆژن، لـ جەم مە کوردانە

ژ سێ رۆژان بـ شووندا، مێڤانژی دبە خوەدیێ مالانە

ئا تە، سێ رۆژ تمام بوونە، ئیرۆ بوونە چارانە

دە فەرموو، گۆتنا تە چیە، بێژە .

مەم، کە پێش ئەوە لە دڵی‌خۆیدا خـۆزگەی بەوە دەخواست هەڵێکی وەهای بۆ برەخسایە دڵی‌خۆی بۆ خاوەن ماڵ بکردایەتەوە، ئێستا لە شەرمان زمانی نەدەگەڕا

زمان نەدگەری و خوەیدان بـ ئەنی‌یێ دکەت ژ شەرم و فەدییانە

( خوەیدان = ئارەقەکردن؛ ئەنی= ناوچاوان؛ فەدی = شەرم) .

حەسەن، بۆ هەرچی بە بیریدا هات، ویستی مەم ببزوێنێت تا دڵی خۆی بۆ بکاتەوە و بڵێت چیی بۆ بکەن : پارە پێویستە ؟ بڵێ، تا خۆم و براکانم بچینە سەر بازرگانان و ئەوەی دەتەوێت لە گەنجینەیان بستێنین . مەم دەستی برد دوو ئەڵماسی لە گیرفانی دەرهێنا " مینا هێکێن د قازانە"، هەر یەکەیان ئەوەندەی هێلکەی قاز بوو، پارەی چی ؟

حەسەن گوتی : من تەمەنم بە خوێندن بەسەربردووە، لە دنیا دەگەم ...

ئەزێ دەهوا تە بـ کورمانجی و شووری زۆری بقەدینم

ئەمە دوو سەعاتە لەگەڵت خەریکم و تۆ هیچت نەگوت، کێشەت لەگەڵ حکومەتی جزیردا هەیە؟ بڵێ، تا هەرچی پەروەندەی مەحکوومانە کۆیان بکەمەوە و بیانسووتێنم . ئێمە سێ برابووین و ئێستا چوارین . کە من بەڵێنی برایەتیت پێ دەدەم

براتیيا من قەوینە، مینا چاپێ مەربەندانە(برایەتیی من بەهێزە، وەکو سنگی بەستنەوەی حەیوانە) ...

ژ تە ڕە سۆند دخوم بـ سۆندا دنیایێ یا مەزن، بـ هەر چار کتێبانە

ئەگەر بـ ڤێ باوەڕ نابی، ئەز سۆند دخوم بـ تەلاقێ ژنانە

دەردێ تە چ بە، وێ زوو بقەدە، ناگهێ دوو ڕۆژانە

مەم گوتی : ...

محەلەک د ڤی باژاریدە هەیە، ئەزێ بـ تلییان رابەر وی کم

وێ دۆرێ ژێ بستینە ...

گەڕەکێک لەم شارەدا هەیە، بە قامک ئیشارەتی پێ دەکەم،

لەو ناوە لێ بستێنە ...

ئێ چی بستێنە ؟ مەم وەستا و قسەی بۆ تەواو نـەکرا و، گوتی : ناتوانم بڵێم، دەردم زۆر گرانە .

هەرچەندی حەسەن لەسەری ڕۆیشت :

راست تو هاتی دەرێ لۆکانە (لۆک لێرەدا = دلێر، نەترس)

تو دزانی ئەم سێ برانە

ئەم هەر سێ ژ لۆکێن مووسڵییانە

ئەز برایێ مەزنم، وەختێ بارێ یەکی دکەڤە، یەک جاران خوە دخمە بن چیانە

ئیرۆ ژی، راکرنا بارێ تە لـ سەر ملێ مە هەر سێ برانە

ئەگەر بارێ تە چقاسی گران بە، وێ رابە کو هین رۆ لـ تاشتییانە

ئـەگەر باری تۆ هـەرچەند گران بێ، هـەڵدەگیرێت کە هێشتا ڕۆژ لە کاتی بـەرقلیانی بەیانییانە .

مەم لەدواییدا هەر ئەوەندەی گوت :

تاسەک ئاڤ ژ کانییا قەستەلێ ژ دەرد و کولێن منڕە شیفا و دەرمانە

ئیتر حەسەن وازی لێ هێنا و چووە لای دوو براکەی .

مەم لە دڵی خۆیدا گوتی : بۆچی نەمگوت ئەوە "زین"ی دۆتمامی ئێوەیە کە" ئەز بـ چۆلا خستم"

(منیهەڵوەدای دەشت و دەران کرد).حەسەن بە دوو برای گوت: لە دەردی میوانەکەمان گەیشتم

دەردێ وی نە مالێ دنێ، بـ پەرانە

تەنێ حەزکرن و ئەڤینا دلانە

گوتی : برایان، جزیری باسیان هەر باسی ئێمەیە، کە ئێمە شایانی ئەوە نەبین میوانداریی پادشا-هی کوردان بکەین، دەڵێن پادشاه دەبێت ڕێی هەڵە کردبێت هاتبێتە لای ئێمە، ئێمە دەبێت پیشانیان بدەین چ کەسانێکین . ئێستا کە پادشاه بەدووی دڵبەریدا هاتووە، با بڕیاربدەین هەرچی کچیشارە بیانهێنین و بە بەر دەمیدا بیانگێڕین، سەیربکات و دڵبەری لەناویاندا ببینێتەوە، تا ئێمە ئەگەر پێویستیش بکات تەنانەت بۆی بڕفێنین و خەمی لابەرین .

هەر سێ برا، بە مەراسیمی سێ جار سوێندخواردن بە شمشیر و حەمایەلیان، بڕیاریان دا پادشا-هی کوردان بە دڵبەری بگەیەنن . " حەسەن " گوتی : بڕیار دەبێت بچێتەسەر . تەنانەت ئەگەر دڵبەرەکەی مەم ئەم " ستی"یەی ژنی من بێت، من ستی لە خۆم حەرام دەکەم، دەیدەم بە مەم و، ئیتر وەکو خوشکم سەیری دەکەم . "چەکۆ"ش گوتی : ئەگەر دڵبەرەکەی " زین"یش بێت، کە دەزگیرانی منە و سێ ساڵ قەڵەنی دراوە، " زین"ی پێشکەش بێت و، لەوە بەدوا دەبێتە خوشکی من .

هەمووی ڕێکخرا،هەموو کچان بە ریز بە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی لای ستیدا بران، ستیش ناردرا کە کچ تەنانەت لە کۆشکی ماڵی" میر ئەزین"یش نەمێنن و هەموو بێن، تاکو مەم لە پەنجەرەوە سەیر بکات و، دڵبەری بدۆزێتەوە .

کچ هەموو تێپەڕین،" ستی"یش لە دوایانەوە، بەڵام هێشتا هەر زین مابوو، ئیتر " زین"یش دوای هەمووان پەیدا بوو و،لە پەنجەرەوە"مەم"ی دیت و ناسییەوە و،مەم دیتی و ورووژا و گەشایەوە، ئیتر روون بۆوە کە مەم بە دووی زینەوە بوو و " زین"یش حەزی لە مەم دەکرد . چەکۆ، بەو دیمەنە، سوێند و پەیمانی لەبیرچۆوە و، چۆکێکی لە پشتی مەم دا .

مەم ئاوڕیدایەوە، خەجاڵەت بۆوە و لە پەنجەرە دووركەوتەوە ." زین"یش ئەوەی دیت، كە مەم ڕۆیشت و چەكۆ هاتە بەر پەنجەرە، ئیتر گلەیی لەخۆی كرد كە بەو ئاشكراكردنەیئەڤینی ئێستا ببێتە هۆی كوژرانی مەمی دڵداری بە دەستی چەكۆی دەزگیرانی .

چەكۆ دامابوو، نەیدەزانی چی بكات. ئەگەر دەست لە زین هەڵگرێت، خەڵكیش چیی پێ دەڵێن ؟ ئەدی ئەگەر هەڵنەگرێت و پەیمانیبشكێنێت، بە براگەورەكەی، حەسەن، چی بڵێت ؟ حەسەن وا لەو پـەیمانشـكێنییە تووڕە بووە نەبێتەوە

حەسەن، چاڤ د سەریدا سۆر بوونە، مینا چاڤێن هەژدەرهانە

سنگ رادبە و داتێ، مینا پێلێن بەحرانە

پۆر لێ گژ بوونە، مینا بژیێ شێرانە

( مووی سەری گرژ بوون، وەكو یاڵی شێرانە)

حەسەن، ئەو شێرە، كە بێتە سەر غیرەتی، ئەوا منەتی نە بە برا و نە تەنانەت بە هێزی دەوڵەتی عەجەمانە، دەڵێت :

ما تو من ناس ناكی، ئەز حەسەنم . ساڵێ دەربەكی، ئەز دەقێ خوە لـ دەقێ شاهێ عەجەم دخینم

دەولەتەكە مەزنە، یان ئەو من رادكە و یان ئەز وی دشكێنینم

كەسب و تالانان ژ شاهێ عەجەم دستینم .

مەم شێوانی نێوانی برایان دەبینێت و بەوە زۆر نارەحەت دەبێت كە وا ئەو دەبێتە هۆی فیتنەیەك لە نێوان ئەو جوامێرانەدا .

دوای قسە و باسێكی زۆر، هـەڵچوون و نیشتنەوەی شەپۆلانی هەستی جیاوازی بەرپرسیاری لە بەرانبەر سوێند و پەیمان و، قسەیخەڵك و ویستی دڵدا، پەیماننەشكاندن بەسەر هەموو هەستە-كانی تردا سەردەكەوێت . چەكۆ پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبوردن دەكات و، بە هـەمووان مەم

دڵنیا دەکەنەوە کە ئەوان لەسەر بەڵێنی خۆیانن و، پێیدەڵێن : فەرموو سواری بۆزێ رەوانت ببە و بچۆ سەر کانییا قەستەلێ، هەموو کچانی جزیر ئێستا لەوێ کۆبوونەتەوە، سەیر بکە و دڵبەری خۆت بدۆزەوە، لێت پیرۆز بێت .

مەم دەڵێت : بچمە سەر کانییەک کە هەموو کچانی دێ لێ کۆبوونەتەوە ؟ عەیب نیە ؟

دەڵێن : نەخێر، فەرموو ئەمەتا قۆچان ( سەنەدی مڵکداری)ی کانییا قەستەلێ کە هی ئێمەیە، دەیدەین بە تۆ، ئەگەر کەس هیچی گوت بڵێ : ئەمە خاکی منە و لە سێ برایانم کڕیوە .

ئیتر مەمێ گوت : " بلا، گۆتنا تە لـ سەر چاڤانە" .

مەم بە سەر بۆزێ رەوانەوە چوو کەوتە ناو هەزارودووسەد کچی بەگ و ئاغایان . کیژان کە مەمێ ئالانیان لە ناو خۆیاندا دیت، زۆر وروژان، زۆریان لە بارەیەوە بیستبوو و ئێستاش لە نێوان خۆیاندا دەدیت، ئیتر هەموو سەرپۆشیان فڕێدان و بسک و پەرچەمیان دەرکەوتن و

بوو شینگێنا بازنان و ڤزینا خلخالانە ( بووە خرنگەی بازنان و زرنگەی پاوانان)

مەم، لە ناویاندا دەستبەجێ" زین"ی دیت و ناسییەوە و، بانگی لێکرد ...

مەمێ بان کر و گۆت : لێلێ، بـ چاڤێ من، ئەز مەمم و تو زینی ...

تو وان گۆتنێن کو مە د ناڤبەرا هەر دوو تەختاندا کری، لـ بیرا خوە نەینی ؟

( تۆ ئەو قسانەی کە ئێمە لە نێوان هەر دوو تەختاندا کردمان، لەبیرت نین ؟)

زینێ گوت : لۆلۆ مەمۆ، حەیرانا وێ بەژنا وینا تایێ ریحانێ لـ قەلەمە ...

من چۆن ئاوڕ لە تۆ نادەمەوە ؟ بەڵام بڕوانە ئەو هەمووە خەڵکە بەدەورمانەوە دەکرێت خوێنی تێدا بڕژێت، کە من بۆ ئەوە خەمی خۆم نیە، خەمی مەمێ ئالانمە کە بڵێن پادشا بووە و وا چووەتە سەر کانیی لای ژنان و لەوێ تووشی هەرا بووە .

مەمێ گۆت : تو من ناس ناکی، ئەز مەمم، وەرگی دینم (گورگی شێتم)

مینا تەیرەک سەردستان ئێ چەنگ بـ شەراب و غەبغەب زەر و پەڕ زێرینم

ئەز نە تورک و نە تاجیکم، ئەز کوردێ جانپۆلا و سەرهشک و دلبرینم

قسەی مەم و زین، زۆر دەخایەنێت، زۆر شتان دەڵێن و، لەدواییدا زین دەبینێت کە هیچ ڕێگایە-کی تری لەبەردەم نیە مەگەر داوای مەم بەجێبهێنێت

ژ سەر سەرێ خوە هێزار راکر، تەرتیبێ باژارییانە

بوو مینا سەردارا عەشیرێ کوردانە

تاسەک ئاڤ راکر، دا سەر کەفێ خوە یێ دەستانە

دا دەست مەمێ، وی ژ دەست گرت، ڤەخوار ئاڤێ گولانە

مەم لە ئەسپیدابەزی و،چوو لەگەڵ زین دانیشت و، کیژان هەموو بە قیرە و هاوار رایانکردەوە بۆ شار و، دز و عەبەبۆزان بە شمشیرانەوە روویان کردە کانییا قەستەلێ

بەرێ خوە دانە مەم و زینێ، ژ بۆ کوشتنا وانە

حەسەن بە دوو برای گوت : ئێمە " مەم"مان ناردە سەر ئەو کانییە، هەر شتێکی بە سەر بێت، لە ئەستۆی هەموومانە . دا برۆن بچنە لای و پێشیبڵێن حەسەن سڵاوت لێ دەکات و دەڵێت با خۆی هەڵبژێرێت چۆنی دەوێت : هەر ئێستا زین بهێنێتە ئێرە، ئێوارە لێرە مارەی بکات و بیگوازێتەوە و ببێتە ژنی؛ یا ئەگەر بیەوێت " لـ سەر عادەتانە" بڕوات و داوای دەستی زین لە میر بکات، ئەوا با ئێستا واز لە زین بهێنێت و بێتەوە لامان، ئێمە ناهێڵین سێ رۆژ تێپەڕن کە " بکەن داوەتا هەر دییانە" .

دوو برا دەرچوون، هەر لە رێگا دیتیان چۆن عەبەبۆزان رووەو کانیيا قەستەلێ دەچوون، ئیتر تێگەیشتن کە ئەوانە بە هۆی هاواری کچانەوە دەچوونە سەر مەم . چەکو تێیڕاخوڕین : ئەوە بۆ کوێ دەچن هەی هیچوپووچینە ؟ ئەدی بۆچی لە کاتی شەڕی عەشیرەتان و دەوڵەتاندا خۆتان دەشارنەوە

چما گاڤا تێ دسەکنە بـ شەڕێ عەشیر و دەوڵەتانە

هون تەڤدا قەت ناخومین لـ مەیدانا مێرانە

گشتک درەڤن خوە دڤەشێرن د پاشییا کادینانە!

کەچی ئێستا دەتانەوێت بچنە سەر " یەکی مێڤانە"

ئەوەی قامکێکی بۆ مەم درێژ بکات، هەر دوو دەستی دەبڕم

ئەزێ ژێکم هەر دوو دەستێن وانە .

ئیتر عەبەبۆز کە دیتیان ئەوە چەکۆی سێ برایانە، ترسان و بڵاوەیان لێکرد .

کە دوو برا گەیشـتنە سەر کانی، دیتیان مەم و زین پێکەوە دانیشتوون و قسان دەکەن و پێدەکەنن و، هەر ئـاگایان لە دنیا نیە . پـەیامی براگەورەیان بە مەم گەیاند و، مەم بڕیاری دا کە " لـ سەر عـادەتانە" کار بکات و، ئێستا لە لای زین بڕوات و، بە گوێـرەی عورف و عادەت بچێت داوای بکات . بەڵام مەم، هەر لە کانییا قەستەلێ دەرچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی : چیم کرد ؟

د دنێدا دوو جاران بەخت نابە هەڤالێ کەسی و سەید(صید) ناکەڤە تورا مەرڤانە و بەوە زۆر نارەحەت بوو. کە چۆوە ماڵی سێ برایان و حەسەن نارەحەتیی لە دەموچاویدا دیت، لێی پرسی : چ باسە ؟ مەم ترسی خۆی پێ گوت، کە هەلێکی لەبەردەم بووە و، لە دەست خۆی داوە و، ئێستا چـووزانێت دوای ئـەوە چی روودەدات . حـەسـەن گوتی : تـۆ بە خـۆڕایی خـۆت نارەحەت دەکەیت، هیچ خەم مەخۆ، ئێمە بە قانوون و ئوسووڵ داوای‌دەستی زین دەکەین، ئەگەر بە قانوون و ئوسووڵیش نەیدەن، خۆ ئێمە ئەوسا بە زۆر دەیستێنین، ئەوجا زین لە ئێمە دوور نیە، رۆژ نیە دوو- سێ جـار نـەیەتە لای " ستی"ی خوشـکی لێرە . بە هیچ جـۆرێک هیچ هۆیەکی نیگەرانی لێرەدا لەکاردا نیە .

" زین"یش، بە رووداوانی ئەو رۆژەی سـەرکانی و قسە و باسی خـەڵک زۆر نـارەحەت بـوو . کچانێک لە خۆیانەوە کەوتنە قسە هـەڵبەسـتن و زێدەڕۆیی خـەیاڵی خـۆیان و، ئـەوە کـەوتە سـەر زمانی پیاوان لە قاوەخانان و، هـەلی مرۆڤانی دڵ خراپ بوو کە درۆ و دەلەسـان بـڵاوبکەنەوە .

کەسێک لەوانە

بێباڤەکی دز، خەبەر دا "بەکۆ"یێ شەیتانە

بەکۆ مینا شەیتانەکی مەزن، موویێن رها خوە یا کۆسە تەڤ ددانە

( بەکۆ وەکو شەیتانێکی گەورە، موویەکانی ریشی کۆسەی هەموو ددانە! )

ژ خوە، بەرێ حەز نەدکر ژ حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین هەر سێ برانە

(هەر خۆی بەر لەوە حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین هەر سێ برای خۆش نەدەویستن)

ژێرە رێ ڤەبوو کو بکە شەیتانییانە ( رێ ڤەبوو = رێگا کرایەوە)

مەم ژی هاتبوو، بووبوو مێڤانێ وانە ( مەم ژی = مەمیش)

بەکۆ، کە بەوە رێگای بۆ کرایەوە بچێت" شەیتانییانە" بکات، چووە لای میر ئەزین و، بە میری گوت: میرم خوە بپارێزە ژ پسمامێن خوە حەسەن، چەکۆ و قەرەتاجین هەر سێ برانە، بەقاڵێکی وڵاتان هاتووە، پێی دەڵێن مەمێئالانە و پادشاهێ کوردانە و، کوری میرێ مغرببیانە، دەیانەوێت تۆ لەسەر تەخت لابەرن و ئەو مەمە بخەنە جێگای تۆ، ئەو بکەن بە میر . میر ئەزین، وا ببوو کە

ئەرێ، جار جاران سەرهشکی ددیتن ژ هەر سێ جەلالییانە ...

پر جاران، کەس نەدهاتە جەم میر و ئیشێ خەلکێ دقەدین لـ مالا هەر سێ برانە

گاڤا دغەیبیدین، میر نەدحەسباندن بـ تو تشتانە

کاتێک توورە دەبوون، هیچ حیسابێکیان بۆ میر نەدەکرد، بە هیچیان دانەدەنا، بەڵام، میر کە شتێکی ناخۆشیشی لێ بدیتنایە، زۆر لە دڵی نەدەگرت و، دەیگوت هەرچۆنێک بێت " ئەوژی (ئەوانیش) پسمامێن منن، هەڤێ وانە" . بەکۆ گوتی : وا من تەمەنم گەیشتە "حەفتێ وپێنجانە" و قەت درۆم لەگەڵ نەکردوویت، هەمیشە خزمەتکاری دڵسۆزت بووم و، هەر وا دەمێنم .

میر گوتی : ئەی چ چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە دەبینیت ؟ بەکۆ گوتی : میرم، مەرێ زۆر سەر-

ببڕە و، هەموو پیاوانی جزیر دەعوەتی خواردن بکە، با سێ پسمام و میوانەکەشیان مەمێ ئالان بێن . ئەوجا

گاڤا هاتن روونشتن لـ سەر نانە

ئەزێ فەرمانەکێ بـ ناڤێ میر بنڤیسینم ( فەرمانێک بە ناوی میر دەنووسم)

تێدا دەنووسم کە لەشکری عەجەم هاتووەتە سەرمان دەیەوێت بێتە ناو جزیرەوە، تۆ فەرمانەکە بخوێنەوە و، بڵێ : هەر لاوێک و پیاوێک دەستی دار بگرێت، لە تەمەنی چاردە ساڵییەوە تا بە " شێست و پێنجانە"، هەموو لە جزیر دەرچن و رووبەڕووی عەجەم ببنەوە . ئەوجا تۆ من لە سەر نان و ئەرزاق دابنێ

ئەزێ د نانێ مەمێ کم ژەهرا سلێمانی، کو نەمینە دوو ساعەتانە

( من ژەهری سولەیمانی دەکەمە نانی مەمەوە، کە دوو سەعاتی پێ نەچێت)

بمرە و کەس بـ سەبەبا مرنا وی نزانە ( بمرێت و کەس هۆی مردنی ئەو نەزانێت)

ئەمێ بـ ڤی ئاوایی خەلاس بن ژ سەرێ وانە ( ئێمە بەمجۆرە رزگارمان دەبێت لە سەری ئەوان)

میر، دەعوەتی هەموو پیاوانی جزیری کرد، لە سێ برا و مەمێ ئالانیشی گێرایەوە، ئەوانیش نامەی دەعوەتەکەیان ماچ کرد و لە " سەر سەرێ خوە و هەر دوو چاڤانە"یان دانا و چوونە دەعوەت . میر کە چاوی بە مەم کەوت، دیتی چ " پادشایانە" دەهاتە بەرچاو، دنیای لە بەرچاو تاریک بوو و، گوتی دیارە بەکۆ راستدەکات، ئەوە شان و شکۆی میرایەتیی وڵاتی پێوە دیارە . بەکۆ، فەرمانیNووسراوی میری هێنا و، میر فەرمانی دا : لاو و پیاوی لە تەمەن چاردە ساڵەوە تا ٦٥ ساڵ بۆ پاراستنی وڵات بچنە مەیدانی شەڕی عەجەمان .

حەسەن بە میری گوت : " میرۆ"، مەمێ ئالان میوانە، رێگای دووری بڕیوە و ماندووە و، هێشتا پازدە ساڵی تەمەنیشی تەواو نەکردووە، جارێ هەر لە کۆشک و تەلاردا گەورە بووە،



MÎR EZÎN

میر ئەزین

ئەو لە هاتن ببەخشن چاکە. بەکۆ گوتی : نا، میر، ئەگەر یەکێک وەها لە چوونە شەڕ ببەخشیت، زۆر کەسی تریش بەدوودا بەهانە دەدۆزنەوە تاکو ئەوانیش نەچن، نەیبەخشی چاکە . میر گوتی: قسەی بەکۆیە، مەمی میوانیشت دەبێت لەگەڵتان بچێتە مەیدانەوە .

کە دەرچوون، میر چاوێکی لە بەکۆ داگرت، یانی ها کاریخۆت بزانە. ئیتر بەکۆ دوورکەوتەوە چوو ژەهرەکە بۆ خۆراکی مەم ئامادە بکات .

مەم، خەیاڵی زۆر لای زین بوو . دەمی هێنایە بەر گوێی حەسەن و پێیگوت : بەڵکو بە میر بڵێیت ڕێگام بدات بچمەوە جزیر، من کە ئەوە دەڵێم " نە ژ ترسانە"، من لە شەڕ ناترسم، بەلام لەپڕێکدا هەستدەکەم زۆرنەخۆشم،هەموو لەشم دەئێشیت و، بەم حاڵە چۆن شەڕم پێ دەکرێت ؟ حەسەن سەیری کرد، دیتی کە مەم ساغوسەلیمە و، هیچی نیە، دیارە هەر بەهانە دادەتاشێت تا بۆ خاتری دیتنی زین بچێتەوە جزیر، بۆ ئەوە دەڵێت نەخۆشم بەلام

" د بن سمبێلاندە دکەنییانە" ( دە بن سمێلاندا پێدەکەنی، بزەی سمێڵی دەهات) .

حەسەن گوتی : مەم، پیاو لە مەیدان ناکشێتەوە، مەگەر زۆر بریندار بێت، هەڵگیرێت بە دەر-بەستانە ( دەربەست = داربەست) . مەم دیتی کە ئەو درۆیەی سەری نەگرت، ئەمجارەیان چوو بە شمشێرەکەی لاقی خۆی بریندار کرد و هاتەوە و گوتی کە : شمشێری رووت لە دەستی " شەمتی" (خلیسکا) و وە دیوارێک کەوت و گەڕایەوە و لاقی خراپ بریندار کرد . حەسەن چوو حاڵی مەمی بۆ میر گێڕایەوە . میر گوتی : کە وای لێهات، باشە، ئێستا دەتوانێت بچێتەوە جزیر و لاقی خۆی دەرمان بکات . مەم رووی بۆزێ رەوانی لە جزیرێ بۆ لای زینێ زێدان کرد و، تێیتەقاند رۆیشت .

مەم راست چووە ماڵی میر، چووە لای زین و گوتی :

ژ بۆنا کو بگهێمە تە، من دەستێ خوە ئاڤێتە قولپێ دەرەوانە

لـ ستۆیێ خوە دانی کراسێ ترسۆکانە

بۆ ئەوە کە بە تۆ بگەم، من دەستی خوم خستە قوڵفی درۆیانەوە

کراسی ترسنۆکانم دەبەرخۆم کرد .

زین هەستا " مینا حەکیمانە"، " زوو ئانین پاچ و دەرمانە" و ئیتر کەوتنە رازو نیازی عاشقانە .

بەکۆ کە بە ژەهرەوە هاتەوە و دیتی مەم لەوێ نەمابوو، پرسی : مەم چیی لێهات ؟

میر پێی گوت کە بە رووداوێک بریندار بووە و گەڕاوەتەوە جزیر . بەکۆ تێگەیشت چ باسە، گوتی : میرم، کەواتە نەخشەکە هەڵتەکا و، ئێستا بڵێ کە هێرشی عەجەم دوا خراوە و، فەرمان بدە هەموو بگەڕێنەوە جزیر . میر وای کرد و، لەشکر رووی‌کردەوە جزیر .

حەسەن تێگەیشت کە ئێستا میر دەچێتەوە و مەم لە ماڵی خۆی لای زین دەبینێت و، دەبێت هەر-چۆنێک بێت هەوڵبدات مەم لەوە رزگاربکات. حەسەن فێڵێکی فێری دوو براکەی کرد، گوتی : ئێوە بە درۆ بە دەنگی بەرز دەمەقاڵەیەک سازبکەن، هەرکامەتان بڵێت : ئەسپەکەی من لەوەی تۆ زۆر خێراترە و، ئەوجا بڵێن : دە با تاقی‌بکەینەوە، وە پێش لەشکر بکەوین، بزانین بە غاری ئەسپمان کامەمان زووتر دەگەینەوە جزیر؛ بەو فێڵە پێش میر و لەشکر بگەنەوە جزیر و مەم لە گەڕانەوەمان ئاگاداربکەنەوە .

کە دوو برا کەوتنە دەمەقاڵی و دەنگیان لە یەکتر بەرزکردەوە کە ئەسپی کامەیان " بەزاتر" (خێراتر)ە، بەکۆ مەبەستیان تێگەیشت و، بە دەنگی بەرز بە حەسەنی گوت : ئیمە هەموومان حەزدەکەین بە زووترین کات بگەینەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆمان، ئیتر بۆچی هەر دوو براکەی تۆ وا دەکەن ؟ مەگەر هەق نیە هەموومان وا خێرا بتاژۆین و زوو بگەینەوە ؟

میر زانی " تشتەک هەیە "، ئیتر نەیهێشت حەسەن وەڵام بداتەوە، فەرمانی دا کە ئاوزەنگی لە ئەسپان بدەن " زوو هەسپا بدن ناڤ زەنگویانە" و هەموو وێکڕا، وەکو یەک، بە خێرایی هەر بە غار بچنەوە جزیر . ئیتر سێ برا هیچیان بۆ فریاکەوتنی مەم بەدەستەوە نەما .

دیارە یەکەم کەسانی کە گەیشتنەوە جزیر، میر و دەوروبەری بوون .

بەری گشتکان میر ئەزین و بەکۆ هاتن پەیا بوون لـ برجا بەلەک، لـ بەر دەرییێ‌مالێ،

هێلا ژنانە

کە چوونە نهۆمی دووەم، بەکۆ بە میری گوت : میرم، خوشکت بەو ڕۆیشتنەت زۆر نـاڕەحەت و نـەخۆش بووە، هـەقـە هەر ئێستا دەستبەجێ بچیتە لای سـەرێکی لێ بدەیت، دڵنیای بکەیتەوە کە بە سەلامەتی هاتوویتەوە و چیتر مەراقی نەمێنێت

بـ دەستێ میر گرت، بەرێ خوە دانە هێلا زینێ، جهێ دوو عاشقانە

(دەستی میری گرت، ڕوویان کردە شوێنی ژنان، جێگای دوو عاشقان) .

مەم کە دیتی میر و بەکۆ دەهاتن، هەر ئەوەندە فریاکەوت زینی خستە ژێر" کورک و هەورانی" ی خۆیەوە(کورک = کەوای درێژی لە کەوڵی حەیوان؛ هەورانی = کەوای کورتی قۆڵ هەراو) و لەسەری دانیشت و، ئیتر نـەیتوانی لەبەر میر هەستێت . میر بە زۆر تـووڕەییەوە گوتی : مەم تۆ لێرە چ دەکەیت ؟ مەم گوتی : میر، من شـارەزای ئەم وڵاتە نیم و، بۆ دەرمانی برینم پێیان- گوتم کە هیچ بژیشکێک لە شـار نـەماوە، چار تـەنیا لە کۆشـکی میر هـەیـە، بـڕۆ ئـەوێ، ئیتر بەمجۆرە کەوتمە ئێرەوە .

ستی، کە بە وەزعی زانی، حـەسـەنی ئاگادارکردەوە . حەسەن گوتی : من خـۆم بە شـێت پیشان دەدەم و دەکەومە کوشـتنی حـەیوانەکان، تۆ بیکە هاتوهاوار تا میر بە دەنگتەوە بێت و بەمـجۆرە لە مەم و زینی دووربخەینەوە . ئیتر کەوتە کوشتنی " هەسپان و تارش و دەوارانە" ( تارش = حـەیوانی گەورەی ماڵی) . سـتی هـاواری کرد : میر، فـریابکەوە، حـەسەن شـێت بووە، ئـەگـەر نـەیوەستێنن دەشکەوێتە سەر" گەوریا مێرانە " (ملی پیاوانیش). میر ویستی بەهاوارییەوە بچێت بـەڵام بەکۆ پـەشیمانی کردەوە . کە حەسەن دیتی ئەوە کەڵکی نـەبوو، ئـاگری دە ماڵەکەی خۆی بـەردا، بـەڵکو ئەوە میر ببزوێنێت و لە مەم و زین دووربکەوێتەوە، بـەڵام دیسان بەکۆ میری لە چـوون پـەشیمان کردەوە . حەسەن، کوڕە بچووکەکەی خۆی،" جەلال" ی گرت و فڕێدایە ناو

ماڵی کە تا دەهات گڕ و دووکەڵی لێ بەرزتر دەبووە . ستی ئەمجارەیان، بە دیتنی ئەوە کە حەسەن کوڕە بچووکەکەیانی فڕێدایە ناو ئاگرەوە، بەڕاستی زیرە و هاواری وەها لێ بەرزبۆوە کە : میر، بۆ خاتری خودا، ئەوەتا حەسەن منداڵی جەلالییانە دەخاتە ئاگرەوە . میر بەوە بزووت، کەمێک دوورکەوتەوە، ویستی بچێت بزانێت چ باسە، بەوە هەڵێک بۆ زین رەخسا، لە ژێر هەورانیی مەم دەرچوو و، خۆی هاویشتە ژووری کەنیزەکانەوە .

بەکۆ ئەوەی دیت، کردی بە هاوار و رۆڕۆ و، میر بەوە دیسان گەڕایەوە و، سەیرێکی ژووری کەنیزەکانی کرد، دوورکەوتنەوەی زینی دیت و بەوە کە کراسی زینیش وەکو هەمان کراسی ژنەکەی ئەو بوو، وای زانی ئەوە ژنەکەی خۆیەتی و، مەم و ژنەکەی لە ژواندا بوون . میر شمشیری هەڵکێشا و، مەمیش شمشیری هەڵکێشا، بەڵام بەکۆ ترسا کە ئەگەر مەم لێرەدا بکوژرێت، ئەوا سێ برا تۆڵە لەو، لە بەکۆ، دەکەنەوە، ئیدی بەکۆ " کەتە ناڤا وانە" ( کەوتە نێوانیانەوە) .

ستی دیتی وەزع بە چی گەیشت، حەسەنی ئاگادارکردەوە، حەسەن هات و گوتی : میرم، ئەوە ژنی تۆ نەبوو، ئەوە زین بوو کە لێرە لەگەڵ مەمدا بوو و، ئیتر هەموو چیرۆکی مەم و زین و هەموو رووداوانی هەر لە سەرەتاوە تا ئەو سەعاتە بۆ گێڕایەوە . میر شمشیری خستەوە کاڵانی و، مەمیش هەر وایکرد . بەکۆ رۆیشت . میر گوتی : با بچین بزانین چەندمان بۆ لە ئاگر رزگار دەکرێت . مەم چوو خۆی فڕێدایە ناو ماڵی بە گڕ و دووکەڵەوە، کوڕی حەسەنی دیتەوە کە هیچی بەسەرنەهاتبوو، هەڵیگرت و هێنایە دەرەوە . بەڵام ئیتر نە حەیوان مابوون و نە هیچ لە خانوو و ماڵ و حاڵ دەرچوو، هەمووی بوو بە خۆراکی ئاگر .

هەرچەندە مەم هەوڵی دا، بە ئەو گەوهەر و ئەڵماسانەی کە پێیبوون، ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ماڵی سێ برایان راپەڕێنێت، بەڵام بێ فایدە بوو

سەرێ حەسەن هشکە، نابهیسە شۆرانە ( سەری حەسەن وشکە، قسان نابیسێت) .

لەوبـەینەدا، دیسان دەنـگوباسی لەشـکری عـەجەمان گەیشت، کە رووی لە جـزیرا بـۆتان بـوو . میر فەرمانی دا کە حـەسـەن و بـرایانی بچن رووبەڕووی عـەجەم ببنەوە . مەم ویستی لەگەڵیان بـڕوات، بـەڵام حـەسـەن گوتی : نـا، تۆ لێرە بمێنەوە . ئیتر سێ برا بۆ شـەڕی عەجەمان لە شار دەرچوون . میر و بەکۆ لەلایەک و لەلایەکی تر مەمێ ئالان لە جزیر مانەوە . میر، ئەو شەوە چاوی نەچووە خەو

دهاتن بیرا میر تشتێن دهی و ئێن مایی

( بە بیری میردا دەهاتن شتانی دوێنێ و هی (هێشتا) مابوون) .

بەکۆ، بەکۆیێ ئاوان، سەیپەسانێ(سەگی پەزی) میرمکێن بۆتانێ ...

بـ پابووسی کەتە هوندر( بە ماچکردنی پێی میر چووە ژوور) .

بەکۆ پیلانێکی تـری خستە سـەری میرەوە، میر گوتی : بـاشـە، با وا بێت . هـەموو سـەرناس و گەورەپیاوان دەعوەتکران، مەمیش دەعوەتکرا و، هەموو لە حەوشیکۆشکی میر کۆبوونەوە . میر گوتی : مەم، حەز دەکەم شەترەنج بکەین . مەم گوتی : هـەرچی میرێ بۆتان فەرمان بکات بەسەرچاوان . میر گوتی : بەڵام شەرتێکهەیە، ئەوەی بیدۆڕێنێت دەبێت هێندێک گەمە و گاڵتان قەبووڵ بکات . مەم گوتی : هەر چی میر بفەرموێت، فەرمانە و، بەسەرچاوان .

شـەترەنج کرا، دەستی یـەکەم و دووەم و سێیەمیش هـەر مەم بردییەوە . بەکۆ، بە میری گوت : میرم، شـوێنگۆڕینەوە بـەخت دەهێنێت، تـۆ بچۆ شـوێنی مەم و با مـەم بێتە شـوێنی تـۆ . بەکۆ، دیتبووی کە زین لە پەنجەرەی پشت مەمەوە دەیڕوانی، ئیتر گوتی ئەگەر شـوێن بگۆڕنەوە، ئەوا مەم رووبەڕووی زین دەبێت و، هۆشی لای شەترەنجەکە نـامێنێت . هەر واشی لێهات . میر و مـەم شـوێنیان گـۆڕینەوە، مەم چاوی بە زین کەوت و، ئیتر جگە لە رووی دڵبەری بـەرانبەری، ئـاگای لە هیچ شـتێکی تری دنیا نـەما . مەم ئـەمجارەیان، شـەش دەستی شـەترەنجی لەسـەریەک دۆڕاند . میر، دوای کەمێک، هـەستا و رۆیشت و، بـڵاوەی لێ کرا، بـەڵام بەکۆ و مـەم هێشتا

مابوونەوە . بەکۆ بە مەمی گوت : شـەهزادە، شـەرتی شەترەنجی میرت لەبیرە، دەبێت هێندێک گـەمە و گـاڵتە قـەبووڵ بکەیت . مەم گوتی : بـەڵێ، فـەرموو . بەکۆ، چوو گوریسێکی هێنا و، دەست و پێی مەمی بە گوریس بەستنەوە . مەم تەکانێکی دا خۆی، گوریس‌هەڵپسا و هەر کوتەی کـەوتـە لایـەکـەوە . ئـەوجا بەکۆ چـوو زنـجیرێکی هێنا، دەست و پێـی مـەمی تـونـد بە زنـجیر بـەستەوە . مەم فووبەکی بە گڕی لە زنجیر کرد، زنجیری ئـاسـن سووربۆوە، ئەوجا توایەوە و کەوتە سـەر زەوی، بوو بە مارێکی زل . بەکۆ لە بەر مار رایـکرد، خـۆی دا لایەک و، " خوە کرە پیس" (خۆی پیس کرد) . مەم پێکەنی،" فیکاند "(فیتووی‌لێ‌دا)، مار تـەزی و ئـەوجا دوور- کەوتەوە و چووە کونێکەوە .

بەکۆ گوتی : جا ئـەزبەنی من چۆن لەگەڵ تـۆم پێ دەکرێت ؟ مەم هـەر وای‌دەزانی بەڕاسـتی گەمەوگاڵتەیەکە، نە پتر، ئیتر مەمێ گوتە ئاوان :

کوڕۆ، هەڕە ستەولێ، چەند موو ژ دێل و بیژییێن بۆز بینە

( کوڕە، بڕۆ تەویلە، چەند موو لە کلک و یاڵی" بۆز" بهێنە) و لەگەڵ چەند مووی سـەری منیان گرێ‌بدە، ئەوسا بەوە " ساعەتەکی ئەز دمینم بێ‌هش " ( سەعاتێک بێ هۆش دەبم) .

بەکۆ، چـوو مـووی لە " بۆز " هێنان و هێندێکیشی لە سەری مـەم کردنەوە و، پێکەوەی بـادان، " کرن بەنەکی زراڤ و تەنک" . مەم لە شوێنی خۆی سست و بێ‌هۆش بوو و، بوو بە بارێکی سووک بۆ بەکۆ . بەکۆ هـەڵیگرت و بەرێ خوە دا بنانیا بـرجێ، داکر زیندانەکە کوور و تـاری رووی کردە ژێرخانی برج و فڕێی‌دایە زیندانێکی قووڵ و تاریک .

مـەم کە لە ماڵی سێ بـرایانەوە بۆ لای میر رۆیشـتبوو، بە کەسی نـەگوتبوو بۆکوێ دەچێت . کە بوو بە شەو و نیوشەو و هەر نەهاتەوە، ستی خزمەتکارانی ناردن لێی بگەڕێن بزانن لەکوێیە . خزمەتکار شوێنێکیان نەهێشت، هەموو جزیر گەڕان و نەیاندیتەوە و، هەر وا " بـ دەستێ ڤالا " ( بەدەستی بەتاڵ) گەڕانەوە .

مەم لە زیندان، نە خواردن و نە خواردنەوە، نە تەختێک و نوێنێک، هیچی نەدرایێ ."زین"یش، زۆر پەرێشان بوو، ئەویش خواردن و خواردنەوە و خەوی لە خۆی حەرام کرد؛ لە سەعاتێکدا دوو- سێ جار کەنیزەکی دەنـاردنە لای ستی بـەڵکو دەنگوباسێکی مـەم بهێنن، کە دەهـاتنەوە دەیگوت : هیچتان زانی ؟ گاڤا دگۆتن " نا "، دیسا زین دبارینە هێسترانە (فرمێسکی دەباراند) .
حاڵی مـەم و زیـن تا رۆژی سـێیەمی زیندانیی مـەم بـەوجۆرە بوو . رۆژی سـێیەم، کچی بەکۆ هـەنارێکی پـەیدا کرد و، بە سووژن کونی کـرد و، ژەهـری ماری کاشـانی تێکرد . لەوکاتەدا، هـەنار نین ( کەم، دەگمەن) بـوون لە بـاژارێ جـزیرێ . کچی بەکۆ ویـستی بـچێتە لای زیـن . سـەرەتا کەنیزەک رێگایان نەدا، کچ گوتی : من بە مزگێنییەکەوە هاتووم " ژ بۆ دەردێ دلانە" . زین گوتی : با بێت، بزانین چیی پێیە . کچ چووە خزمەت زین و هەموو چیرۆکەکەی دەعوەتی مەم و شەترەنج و فڕێدانە زیندانی بۆ گێرایەوە و، کە

ئیرۆ سێ رۆژ و سێ شەڤن، نەدانێ فرەک ئاڤ و پارییە نانە

باڤێ من بەکۆیێ شەیتانە هەموو ئەوەی بۆ باسکردم، ئیتر گوتم با بێم و پێتبڵێم .
ئێستاش کە مەم زۆر ماندوو و نـەخۆشە لەو زیندانە، ئەم هەنارەم بە دیاری هێناوە، بۆی بەرێت بیدەیتێ . زین هـەستا چاوی ماچ کرد، هەناری لێ وەرگرت و، زۆر سوپاسی کرد و گوتی من قەت ئەم چاکەیەی تۆم لەبیر ناچێتەوە . ئیتر کچی بەکۆ رۆیشتەوە لای بەکۆی باوکی .
مەم، شەویسێیەم، هەر وا لەسەر زەوی درێژ بوو و خەویلێکەوت، خەونی دیت، لە خەونیدا: لەسەر تەختی پادشایی خۆی بوو لە مغرب . فەرماندە و کەسوکاری بەدەورەوە ...
عەمەربەگ " خالێ مەمێ، شێخێ قورەیشییانە" هاتە مەجلیس و گوتی : مەمێ من، دنیا ئـەوەندە نـاهێنێت . مرۆڤ چ دە سـاڵ بژیت و چ هـەزار سـاڵ، وەکو یـەکن، دنیا بـ خوە تـەڤدە ( خۆی هـەمووی) مینا خەونانە . تۆ دوو یا سێ سەعاتی دی دەمریت . ئێمەش رۆژێک دێین دەبین بە میوانت . دوای کەمێک " زینا زێدان " دێتە لات، هەنارێکت بۆ دەهێنێت، کە لە کچی" بەکۆیێ

شەیتانە"ی وەرگرتووە . هەنار پڕە لە " ژەهرا مارێن کاشانە" و،" زین " بەوە نازانێت . زین لەگەڵت راستە " بـ دل و جانە". کە هەنارەکەی دایتێ، بیخۆ . ئەگەر نەشیخۆیت، هەر دەمریت . ئەوە قەدەری خودایە کە تۆ بە دەستی زاڵمان بمریت و بگەیتە " مەرتەبا شەهید و ئەولیانە " .

" زین"یش حەوت رۆژان دوای ئەوە دەمرێت و دێتە لات . خودا لەو دنیا

مرازێ وە بکە د ناڤ حۆرییانە

لە بەهەشت " وێ ببە داوەتا وە هەردییانە " ( هەر دووتان) .

مەم وەخەبەرهات، دیتی وا هەر لە زیندانی تاریکە و، رووناکییەک نابینێت جگە لە " شەول" (شەوق)ی بەردێکی گەوهەر و مەزنی کە دە زنجیری سەعاتەکەیدا بوو . ئێوارێ، زین بەرگی کەنیزەکانی کردە بەر تا پاسەوان نەیناسنەوە و، بەوشێوەیە خۆی گەیاندە لای مەم و، بە رووناکیی گەوهەری سەعاتەکەی شوێنەکەی دیت . راز و نیازێکی زۆری بۆ مەم دەربڕی : خودا ماڵی میر ئەزین و بەکۆ بسووتێنێت، چ بێ ئینسافییەکیان کرد، تۆیان فڕێدا زیندان و ژیانی منیان تاریک کرد ...

مەم گوتی : ...

کەسێ کو د بەر مەراقا دلێ خومدە نەکەڤە تەنگییان قەت نە مێرە

خومدێ مێر دانە ژ بۆ مرنێ و پارا بەرخێ نێر هەر گاڤ کێرە

( بەشی بەرخی نێر هەمیشە کێردە، چەقۆیە) .

من و تە، مە ژ هەڤ حەز دکر بـ دلەکی پاک، خومدێ د سەر مە ڕە لـ مە دنهێرە .

زین گوتی کە بە ستی دەڵێت نامە بنووسێت بۆ " جەلالییانە " (سێ برا) و ئەوان دێن لە زیندانی ئازاد دەکەن و تۆڵەی دەستێننەوە، ئێستاش خواردنی بۆ دەهێنێت و، کێشە نامێنێت و، ئەمەتا هەنارێکیشی بۆ هێناوە . زین هەنارەکەی دا بە مەم . مەم لێیوەرگرت،ئەوجا هەموو خەونەکەی بۆ گێڕایەوە . هەرچەندی زین پێیگوت کە ئەگەر وا بێت با هەنارەکە نەخوات، ئەگەر مەرگ

قەدەریش بێت با لە ڕێگای شتێکەوە نەیەت کە لە دەستی زینی وەرگرتبێت، بەڵام بێ فایدە بوو، مەم بڕیاری خۆی دابوو . زین گوتی : کە وای لێ‌هات، با منیش بێمە لات، دە باوەشم بگرە، با پێکەوە بمرین، بەلای کەم

سەرێ تە د گاڤا مرنێ‌دە بدمە سەر چۆنگانە ( سەرت لە کاتی مردندا بخەمە سەر چۆکان)

بەڵام مەم ئەوەی قەبووڵ نەکرد، هەناری خوارد و مرد .

زین لە خۆی دا و، " کرە قیرین و ئەمانە" . " رەڤی، جاوبڕ ئانی"( رایکرد، مقەستی هێنا ) و هەموو کەزییەکانی خۆی بڕین و هاویشتنییە سەر لاشەی مەم .

زین گەڕایەوە کۆشکی و گوتی بڕۆن بە ستی بڵێن خەبەر بۆ سێ برایان بنێرێت، بێنەوە تەرمی مەم لە زیندان دەربهێنن،

ئەزێ‌ژی بمینم پشتی مەمێ بـ حەفت رۆژانە .

ستی، کەوتە " شینەکە گرانە" و، جلوبەرگی پادشایی مەمی لە ناو شتەکانی مەم دەرخست و، گوتی : بۆزێ رەوان بێنن، تا بەرگی پادشایی مەم بکەمە " دارێ شینێ" و لەسەر پشتی بۆزێ رەوانێ‌ی دابنێم و بیگێڕم . کە چوون بۆز بێنن، بۆز رابوو سەر لنگانە ( هەستا سەر لنگان)، کورینا وی دەرە ئەزمانێ حەفتانە ( حیلکەی دەرۆیشتە ئاسمانی حەوتەم)، ستی بە دەستی خۆی داری شینێ‌ی خستە سەر پشتی " بۆز"، کیژانی جزیری لێ کۆوەبوون و، ستی خۆی تا رۆژی دوایی لە پێش داری شینێ دەرۆیشت و، بە دەوری کۆشکێدا دەسووڕاندەوە .

بوو هاهۆ و گری دەنگ گهشتە ئەزمانانە

هەرکەس کەسەرا دلێ خوە ژ بۆنا مەمێ دگرییانە .

ستی، چووە ماڵی"میرشەم"ی پسمامی . ڕووداوانی بۆ گێڕایەوە و گوتی : خۆزیا دەچیت تەرمی مەم لە لای میرئەزین دەهێنیتەوە و، نامەیەکت بۆ حەسەن دەدەمێ، بەڵکو بە کەسێکدا بە

سواری بۆزێ ڕەوان پێیبگەیەنیت . میر شەم گوتی : خودا ماڵی میر ئەزین خراپ بکات کە " بەکۆیێ ئاوان"ی کردووە بە وەزیری خۆی؛ ئەوە بوو بە شەشساڵ کە من بەلای ماڵی ئەواندا نەچووم، ئەز تو جارا ناچم مالا بێبەختانە (من قەت ناچمە ماڵی بێویژدانان)؛ بەڵام بۆ خاتری تۆ و، تا نەشڵێین کاری ژنانی بەجێنەهێنا، بە سەرچاوان دەچم نامەکەت بە دەستی حەسەن دەگەیەنم " سەرێ من بـ قوربانە" .

ستی، نامەی بۆ حەسەن نووسی کە مەم مردووە و، وەرەوە . گۆشەی کلکی نامەکەی سووتاند کە ئیشارەتی ڕوودانی مەرگە .

" میر شەم " نامەی برد و بە سواری بۆزێ ڕەوان ڕووی کردە حەسەن و برایانی لە سنووری شەڕی عەجەمان . حەسەن کە لە دوورەوە دیتی بۆزێ ڕەوان دەهات، گوتی : هەستن کوڕینە، وا مەمێ ئالانە . بەڵام کاتێک دیتی، میر شەم بوو، دەستێکی بە دەسەسڕ بە چاوانی بە گریانەوە و، بە دەستەکەی تری نامەکەی دایێ، ڕەنگی حەسەن هەڵبزڕکا " مینا ڕەنگێ کوشتییانە" . کە نامەی دیت، گۆشەی کلکی سووتابوو، " هێستر بارییان ژ چاڤانە" . حەسەن ئیجازەی ڕۆیشتنی بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ خۆی و دوو برای سەند و، پێنجسەد " خۆرتێن کوردانە" جەوانی کوردیش وێڕا، وەڕێکەوتن و، نەوەستان تا گەیشتنە جزیرا بۆتان .

کە گەیشتن و دابەزین، حەسەن " دارێ شینێ"ی مەمێ ئالانی دیت و " بـ سەر دە گریانە" .

ستی گوتی : خاکتان بەسەر، ئەوە ئێوەش هەر وەکو ژنان دەگرین ؟ ئەوە چەند ڕۆژە تەرمی مەمێ ئالان لە بنی زیندانە . پیاوان بە فەرمانی حەسەن، زرێیان پۆشین و چوونە سەر کۆشکی میر ئەزین، هەموو جزیریش بە چەکەوە لە پێش ماڵی میر وەستابوو . زین کە ئەوەی دیت، تکای لە حەسەن کرد کە خوێنی خزم و کەسوکاران نەڕێژێت و، بە تایبەتی کە مەرگی مەم کاری میر نەبووە و، شتێکە لە ئەستۆی بەکۆی ئاوان و کچیدایە . ئیتر حەسەن چوو تەرمی مەمی لە زیندان دەرهێنا

ئانین مال، شوشتن، لـ عەردێ جزیرێ ڤەشارتن مەمێ ئالان پادشاهێ کوردانە .

رۆژی حەوتەم،" زین"یش مرد و، گەورە و بچووکی جزیر پێ کەوتنە شین و رۆڕۆ و، بردیان لە گۆڕێکدا لە پەنا مەم ناشتیان . شەوی دوای ئەوە، میر، زینی لە خەونیدا دیت، زین پێیگوت : برا، تۆ من و مەمت نەناسی و، رۆژی هەینی کە سواران دەچنە جریدبازی، وەرە بوەستە

" لـ ناڤبەرا تربا مە هەردییانە" لە نێوان گۆڕی هەردتکمان .

میر کە هەینی چوو، کونێکی لە گۆڕی زیندا بەدیکرد، داهاتەوە، روانی مەم و زین دەستیان دە دەستی یەکتردایە . ئیتر میر زۆر لە هەڵوێستی لە مەم پەشیمان بۆوە، گەڕایەوە ماڵ، ئەوجا پیاوانی ناردن جاڕ بدەن لە جزیرا بۆتانە، گۆت :

ئەڤ ئیشێ مەم من نەکر، ئەز خاپاندم(هەڵیخەڵەتاندم) بەکۆیێ ئاوانە .

میر خەڵاتی بۆ کوشتنی بەکۆ دانا . کە بەکۆ پێێ زانی، " دەرکەتە چۆلانە" .

باخچەوانێک رۆژێک باخچەی ئاو دەدا، دیتی : ئەوەتا بەکۆیێ ئاوانە، بە پێمەڕەکەی بەسەری بەکۆیدا کێشا، سەری قەڵەشت بەڵام نەکەوت و رایکرد . باخچەوان وەدووی کەوت، بەکۆ رایکرد گەیشتە نێوان گۆڕی مەم و زین و لەوێ دڵۆپێک لە خوێنی رژا، ئەو دڵۆپە خوێنە بوو بە دڕکێکی گەورە لە نێوان گۆڕی هەردتکیاندا

چاڤا لـ دنێ نەهشت بگهینە هەڤ، د تربێدە ژی ئەو ژ هەڤ ڤەقەتانە

(چۆن لە دنیادا نەیهێشت بگەنە یەکتر، دە گۆڕیشدا ئەو لە یەکتری دابڕین).

باخچەوان هەر بە پێمەڕەکەی کەوتە سەر بەکۆ و کوشتی و لاشەکەی برد فڕێدا دۆڵێک، ئەوجا چوو خەبەری ئەوەی بۆ میر برد، میر گوتی: هەرچەندی دەیەوێت بیدەنێ"زێڕ و پارانە".

دوای کوژرانی بەکۆ، حەسەن گوتی دەبێت کەسوکاری مەم لە رووداوان ئاگاداربکەین و، بۆیان بنێرینەوە جلوبەرگ و شمشیری مەم و" بۆزێ رەوانە" .

هەرچەندە کەس رێگای مغربی نەدەزانی، بەڵام گوتیان " بۆزێ رەوان" خۆی رێگاکە دەزانێت

و، بۆ ئەوە " میر شەم"ی سوارچاکیان بۆ ئەو کارە هەڵبژارد . میر شەم جلوبەرگ و شمشیری مەمی برد و، بە سواری" بۆزێ رەوان" بە دوازدە رۆژان رێگای شەش مانگی بری و گەیشتە مغرب و ئەمانەت و نامەی حەسەنی گەیاندە دەستی کەسوکاران .

شین و رۆرۆ هەموو مغربی گرتەوە و، کیژ و بووکان کەزیی خۆیان برین و هاویشتنە سەر جلوبەرگی مەم."شین ئاژۆت سەراسەر سێ رۆژان و سێ شەڤانە". دوای سێ شەو و سێ رۆژ، پیاوانی مغرب بە فەرماندەیی بەنگین، لەگەڵ میر شەمدا روویان کردە جزیرا بۆتان، لە رووبار پەڕینەوە، چوونە لای قەستەلێ، سنگی چادرانیان لەوێ کوتان . میر شەم شوێنەکەی پیشان دەدان، دەیگوت : وایە بنهێرن، تربا مەم و زینێ، ئەڤا هانە .

خەڵکی جزیر دەهاتن سەیری لەشکری " بەنگین"یان دەکرد . سێ برا، حەسەن، چەکۆ و قەرە-تاجین و، میر" ئەزین"یش هاتنە ناو چادرەکانی مغربییان و دیتیان کە بەنگین وێنەیەکی مەمێ ئالان بوو . لەشکر بە فەرماندەیی بەنگین بە دەوری گۆڕی مەم و زیندا " چەمبەر گرێدانە " ( ئەڵقەیان بەست ) و شینیان کرد . ئەوجا فەرمان درا : هێرش بکەنە سەر بازاڕێ جزیرێ و تۆڵەی کوژرانی مەم بکەنەوە . سێ رۆژ، هەرچی تووشیان هات کوشتیان و، خانوویەکی بەرزی تێدا نەما لەگەڵ زەویدا تەختی نەکەن، ئەوجا بەنگین شاری وێرانەی رادەستی میر ئەزین و میر شەم و سێ برایانی جەلالی کردەوە و، چۆوە سەر گۆڕی مەمێ ئالان و گۆت :

مەمۆ، بلا دلێ تە عەیان بە، من حەیفا تە هلانی ژ بێبەختانە .

پشترە، بـ خوە سوار بوو لـ بۆزێ رەوانە

لەشکەرێ وی چادر بار کردن، مەشییانە

بەرێ خوە دانە وەڵاتێ مەمێ ئالانە

بخەبتن ژ بۆ یەکیتییا کوردانە .

ـ کۆتایی چیرۆک ـ

پوختەیەکی چیرۆکی

# مەم و زینی خانی

نازانم خانی، کە ساڵی ١٦٩٣-١٦٩٤ لە نووسینی" مەم و زین"ـەکەی بووەتەوە، چەندە ئاگای لە " شەرەفنامە " هەبووە کە " شەرەفخان" نیزیکەی سەدەیەک پێش ئەوە(هاوینی١٥٩٧) لە نووسینی بووەتەوە، بەڵام دەبینین " مەم و زین"ـەکەی بە " جزیرا بوتان" دەست پێدەکات، کە میرانیان شوێنێکی گرنگیان لە شەرەفنامەدا هەیە : میر مەجدەدین، بەدرەدین، عیزەدین .

"جزیرا بوتان" لە "مەمێ ئالان"یشدا هەیە و، بە هیچ جۆرێک ناکرێت گومان لەوە بکرێت کە خانی لە "مەمێ ئالان" ئاگادار بووە، بەڵام لە"مەم و زین"ـەکەی خانیدا،هەر شاری جزیر هەیە، نەک هیچ شارێکی تر و، دوور لە هەر شتێکی ئەفسانەیی، غەیبی، یا شاری خەیاڵی، جزیرا بوتان تاقە شانۆی رووداوانی مەم و زینی خانییە، تێدا شانۆی رووداوانێکە کە زۆرتر دەکرا لە واقیعی ژیاندا روویان بدایە .

دکتور نوورەدین زازا، لە پێشەکییە ٣٨ لاپەڕەییەکەی" دەستانا مەمێئالان"ـەکەیدا، کە من پێشتر پوختەیەکیم بە یازدە لاپەڕە و نیو نووسی و لە کتێبێکمدا بلاومکردەوە (هەڵدانەوەی چەند کتێب و گۆڤارێکیش -٢٠١٧)، پرسیارێک دەکات و دەڵێت وەڵامەکەی نازانین : " بۆچی خانی دەڵێت ئەم "مەم و زین"ـەی من هەمووی بەرهەمیبیری خۆمە و هیچم بۆ لە کەس وەرنەگرتووە ؟

ئەلفاز و مەعانی و عیبارات ـ ئنشا و مەبانی و ئیشارات

مەوزووع و مەقاسید و حیکایەت ـ مەرمووز و مەناقب و درایەت

ئسلووب و سیفات و مەعنا و لەفز ـ ئەسڵەن نەکرن مە یەک ژ وان قەرز

بیلجیملە نەتایجی د فکرن ـ دووشیزە و نوو عەرووس و بیکرن

خۆ ئەوەتا " مەلای جزیری "(١٤٠٧-١٤٨١؟ یا لەهەموو بارێکدا پێش خانی) ئیشارەتی بە مەم و زین کردووە :

موویەکی ئەز ژ تە نادم بە دووسەد زین و شیرینان

چ دبت گەر تو حسێب کی مە بـ فەرهاد و مەمێ ؟ " ـ تا ئێرە قسەی دکتور زازا .

بـەڵام کە من بیری لێ دەکەمەوە، دەبینم ئـەوەی خـانی لە " مەمێ ئالان"ـەکـەی وەرگـرتووە، بە بـەراورد بەوەی کە تێدا هـەر بـەرهەمی بیری خـۆی بووە، زۆر کەمە . ئەگەر شاعیرێـک ئێستا بێت و، شـانۆیەکی شیعری بنووسێت، ناوی"رۆمیۆ و جولییێت"ی لێ بنێت، کە ناوی شـانۆیەکی شکسپیرە، چەند ناوێکی تریـش لە کەسەکانی ئەو شانۆیەی شکسپیر بەکاربهێنێتو، ناوی هەمان شـاریش کە رووداوەکانی تێدا روودەدەن، بە کـارەسـاتی مەرگی ئـەڤینداران کـۆتایی بێت، بـەڵام هەر ئـەوەندە و، بچێت بە تەواوی چیرۆکێکی تری نـوێی خۆی بنووسێت، ئایا بە وەرگرتنی ئەو چەند شتانە دەبێت وا دابنرێت کە لە شکسپیری وەرگرتووە ؟

بـەڵێ ئـەگەر ئیشـارەتی بە رابـردووی ئەو ناوانە بکردایە باشتر دەبوو، حەتمەن قسەکەی وردتر دەبوو، بەڵام خۆ خەڵک شیعر دەنووسن کە" ئادەم و حەوا" و جۆرەها کەسانی کتێبە ئاینییەکانیان تێدان و، دەشـڵێن شـیعرەکە هـەر هی خۆمانە و لە کەسمان وەرنـەگرتووە و، خۆ من وای دادەنێم کە راستیشدەکەن . من فیلمی" دوا وەسوەسەی تاقیکردنەوەی مەسیح" م دیت، کە لە نووسینێکی " کازانتزاکی"وەرگیراوە، بە هەڵگرتنی خاچ لەلایەن مەسیحەوە دەست پێدەکات و، یەهووداشی تێدایە و ... باسەکەش بەتەواوی هی " کازانتزاکی" خۆیەتی و لە کەسی وەرنەگرتووە، بەڵام کە ئـاگاداری چیرۆکی مەسـیح و ئـاینی مەسیحییە، ئەمەیان شتێکی ترە، خۆ ئەو ئینجیل ناگێڕێتەوە، ئەو چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە .

بەهەرحاڵ، بێینە سەر " چیرۆکی مەم و زین"ی خانی، کە لە دێرە شیعری ٣٥٢ یەوە دەستـپێ-دەکات . پێش ئەوە، " دیـباچـە"کەیەتی کە باوەڕنـاکەم کوردێکی نەتەوەیی هەبێت کە لێ ئاگادار نەبێت. زەبیحی و هەژار مێردمنداڵ بوون کاتێک لە شیعرێکی"حاجیقادری کۆیی" دا دیتوویانە دەڵێت :

تەنیا ئێمە وەها نین، دیباچەیی مەم و زین

حاڵیت دەکا چلۆنە ئەحواڵیان سوخەندان

تا بەوە گەیشت کە هەژار دەوری سێ ساڵ دوای ئەوە " مەم و زین"ـەکەی خانیی وەرگێڕایە سەر شێوازی موکریانی .

ئێستا لێرەدا، دوای پوختەیەکی چیرۆکەکەی" مەمێ ئالان "، دەمەوێت پوختەیەکی چیرۆکەکەی " مەم و زین"ی "خانی"یش بگێڕمەوە .

شکسپیر"رۆمیۆ و جولییێت"ـەکەی بە پێشکەشکردنی ناویبازیگەرانی دەستپێدەکات، دەڵێت :

کەسەکان لەم شانۆیەدا :

ئێسکالوس : میری ڤیرۆنا

پاریس : نەجیبزادەیەکی جەوانی خزمی میر

مۆنتەگیوو و کاپیولێت : سەرانی دوو بنەماڵەی کە کێشەیان لەنێواندا هەیە

پیرەمێردێک : مامی مۆنتەگیوو

رۆمیۆ : کوڕی مۆنتەگیوو... تا سامپسن و گرێگەری : دوو خزمەتکاری کاپیولێت و... تادوایی

ئـەگەر بە هەمان شێوە مەم و زینی خانی بە پێشکەشکردنی کەسەکانی دەستپێبکەین، کەسە-کان لەم چیرۆکەدا :

میر زینەدین : پەدشەهێ جزیرا بۆتان

زین و ستی : دوو کچی ئاوەڵدووانەی زۆر جوانی میر زینەدین

تاجدین یا قەرەتاجدین : کوڕی سکەندەری وەزیری دیوانی میر و خزمی میر

عارف و چەکۆ : دوو برای تاجدین

مەم : کوڕی دەبیری دیوانی میر و یەکەم هەڤاڵی تاجدین و ... تادوایی .

دەبینین نـاوەکان، زۆرتریان لە " مەمێ ئالان " وەرگیراون (هـەر حـەسـەن بووە بە عـارف) و، هێندێک پێوەندی و کاریان لەوەی " مەمێ ئـالان " جیاوازە، بـەڵام هـەمووی - وەکو کـەسەکانی شکسپیر- دەکرێت لە دنیای واقیعدا هەبن، نـە کەس بە موعجیزە و سێوی خدری زیندە لەدایک-دەبێت و، نـە ئـەسپی لە بنی دەریـاوە بۆ دێت و نـە هیچ لەو شتانەی تری وەهای کە لە " مەمێ ئالان"دا هەن . سـەرەتای " ئاکت ١"ی رۆمیۆ و جولێت، کە پەردە لە سەر شانۆ هەڵدەدرێتەوە : سامپسن و گرێگەری بە شمشیر و قەڵغانەوە دێنە سەر شانۆ .

لای خانی : کە پەردە لەسەر " ئاکت ١"ی هەڵدەدرێتەوە :

ئاهەنگی جێژنی نەورۆزە : ژن و پیاو و منداڵ، بە جلوبەرگی رەنگاورەنگ و، تەنانەت رووت و رەجالی بێ بەرگیشیان تێدایە، سەمایە، هەڵپەرکێیە، بەزمێکە ئەوسەری دیار نیە .

لە گۆشـەیەکەوە، چوار کچ بەجیا دیارن، دوویان لە سەر ئەرز راکشاون، هەرکامەیان سەری لە سـەر رانی کچێک داناوە و، چـاوی بریوەتە چاوی، تا بە ئەوە دەگات کە لە لەحزەیەکدا ئەنگو-ستیلە دەگۆڕنەوە . دوای ئەوە لەگەڵ هەموو خەڵکەکەدا، ئەوانیش بڵاوەی لێ دەکەن و دەڕۆن .

لە " ئاکت ٢"ی دەبینین : دوو کچە راکشـاوەکە هـاتوونەتەوە ماڵی خۆیان وجلوبەرگیان دادەنێن، دەردەکەوێت کە کوڕن و جلوبەرگی کچانیان بۆ سەیرانی نەورۆزەکە پۆشیبوو . یەکتر بە "مەم" و " تاجدین" بانگ دەکەن و، دەڵێن کە زۆر عاشـقی ئەو کچانە بوون کە لە سەیرانەکەدا سەریان لەسەر رانیان دانابوون . سەیری ئەنگوسـتیلەکانی دەستیان دەکەن، ئەوەی دە قامکی " مەم "دایە لەسەری نووسراوە " زین"؛ ئەوەی دە قامکی " تاجدین"دایە لەسەری نووسراوە " ستی" .

لە " ئاکت ٣ "دا دەبینین : زیـن و سـتی، باسی کـەوتنە داوی ئـەڤینی ئـەو دوو کـەسـە دەکەن کە سەریان لەسەر رانی ئەوان دانابوو، ئەو دوو کچە ناویان چی بوو ؟

نازانن، چونکە ئەنگوستیلەی کە لەوانیان وەرگرتوون ناویان لەسەر نین .

دەبینین، هیـچ شـتێکی ئـەفسانەیی لەکاردا نیە، شـتێک رووی‌داوە، کە بۆ شـاعیرێکی دڵتەڕ زۆر چاک دەکرێت: دوو کوڕ بەرگی کچان بکەنە بەر و بچنە ناو کچان و، ئەنگوستیلەش بگۆڕنەوە .

ژنێکی بەتەمەن بەدەورییانەوەیە، دەڵێت : من بۆتان دەدۆزمەوە ئەوانە کێ بوون .

دوو ئـەنگوستیلەی زۆر بە قیمەت دە دەسـتی دوو کیـژدا، کە دوو کەس بە بێـئـەوە بیانناسـن، لە ئـاهـەنگی سـەیرانێکی گشتیی خـەڵکی شـار بە بـۆنەی نـەورۆزەوە بیاندەنێ، رەنگە دۆزیـنـەوەی خـاوەنیان بۆ ژنێکی بەتـەمەنی شـارەکە زۆر زەحمەت نـەبێت، چـونکە بە مەزندە دەبێت هەر لە سنووری چەند ماڵێکی زۆر دەوڵەمەندی شاردا بن .

بـەڵام بەهەرحاڵ بۆ خۆشکردنی چیرۆک، شاعیر "جادوو" لێرەدا دەخاتە کارەوە، شتێکی کە وا دەبێت لە کاری شکسپیریشیدا دەبینین . ژن بە جادوو زانی کە ئەو دووکەسە کچ نـەبوون، دوو کوڕ بـوون کە لەو سـەیرانەدا بـەرگی کچـیان پـۆشیون و، نـاویان " مەم" و " قەرەتاجدین"ـە و، زانیاریی تەواوی لەبارەیانەوە بەوجۆرە وەدەستهێنا و، چووە لایان . ئـەوجا گەڕایەوە لای زین و ستی و، بەوشێوەیە ئەڤینداران توانیان لە هەویەت و ماڵی یەکتر ئاگادار بن و پەیامی خۆیان بە یەکتر بگەیەنن .

خوازبێنیکەران چوونە خوازبێنیی" ستی" بۆ تاجدین، میر گوتی زۆر چاکە

عەقدا ستیێ مە کر لە تاجدین

ئیجابە ئەڤە قەبوولە ئامین

چەکۆی برایتاجدین هەستا، بۆ نیشانەی سوپاسکردنی میر کە رازیبووە ستی بدات بە براکەی، پێی میری ماچ کرد

فی الحالی چەکۆ بەزی و پێی میر

تەقبیل کر و قەبوولی تەقریر

ئەوجا

میر گۆ : " بقوتن دەف و رەبابان

بینن هەمی شەربەت و شەرابان ...

زەماوەندێک سازبکەن ئەوسەری دیارنەبێت

میر خوەندنە پێش مەمۆ و تاجدین

گۆ : خەرج لـ من، مەمۆ تو شوشبین

میر، مـەم و تـاجدینی بـانگـکردن، گوتی : ئـەرکی ماددی لە ئـەستۆی مندا دەبێت و، مـەم تـۆش

برازاوا . ( شوشبین، شۆشپان، شۆشمان، لە :" شۆشڤین"ی‌عیبری، لە شۆشڤانای ئارامی = برازاوا، هەڤاڵ ...) .

ستی گواسترایەوە . خانی هەموو وردەکارییەکانی چوونە پەردەی بووک و زاوا باس دەکات، کە ئەگەر کەسێکی وەکو فێللینی، یا پاسۆلینی بە فیلم دەرییکات، ناکرێت ئەو شتانەی لێ سانسۆر بکات(چیرۆکەکانی کانتەربەری - فێللینی؛ ئل کامێرۆن - پاسۆلینی) .

بووک و زاوا، لە پێشدا قومێک شەراب دەخۆنەوە تا سەریان گەرم بێت و، شەرم بەریان بدات

مەخموور کو دەفع کر مەیا ئاب

بهن کر گول و سونبولێ د تێر ئاب ...

تێک تیکڤە ددان و تێک دبەستن

هن بووسە ددان و هن دگەستن

حەوت شەو و حەوت رۆژ بەو حاڵە، نە نان و نە ئاو، هەر تەنیا ئەڤینی لەش ولار بوو .

" مەم"یش هەموو ئەو ماوەیە لەبەردەرگا وەستاوە .

میر زینەدین، دەرکەوانێکی هەبوو، ناوی " بەکر" بوو، دەیانگوت بە ئەسڵ خەڵکی"مەرگەڤەر" بوو . بەکر، مرۆڤێکی ئێجگار زۆر خراپ و پەست و بێڕەوشت بوو و، هەرچەندە تاجدین بە میری دەگوت کە " ئەڤ لائقی دەرگەهێ تە نینە "، میر دەیگوت : بۆچی " فعلێ د بەکر مەگەر نزانین ؟"، نەخێر دەزانین چ بەدڕەوشتێکە، بەڵام ئەو جۆرە کەسانەش بۆ فەرمانڕەوایی سوڵتان پێویستن .

دیارە بەکر زۆر رقی لە تاجدین هەڵگرتبوو و پێی‌ناخۆش بوو کە میر،" ستی"ی کچی دابوویێ . بەکر دوای ئەوە، بە میری گوت : میرم، کچی تۆ شایانی ئەوە بوو قەیسەر و ئیمپراتوران بۆ کوڕی خۆیانی بهێنن، نەک خزمەتکارێکت کە هیچ لە ئاستی ئەوەدا نیە میر کچی خۆی بداتێ .



دلداری دەکوشت بەچاوی مەستی      ئـەو ناوی نرابو خاتون نەستی

میر وەڵامی دایەوە : " خاقان چیە، ئەز چ کم بە فەغفوور ؟ " مـەم و تـاجدین هـەر بەو دوومیان دووسـەد قزڵباشیان لە مەیدانی شەڕدا بە دیل گرتوون، من چۆن جەنگاوەری وەها بە کەسی تر دەگۆڕمەوە ؟

کە بەکر دیتی ئەو قسەیەی هیچی بۆ نەکرد، لە ڕێگایەکی ترەوە بۆ لێدانی تاجدین چوو، گوتی : میرم، تاجدین لەوەتا ستی‌ی هێناوە، ئیتر باکی بە تو نیە و، هەر خۆی بە خاوەندەسەڵاتی بریار-دان دادەنێت، ئەوەتا لەو ڕۆژەوە تو"ستی"یت داوەتێ، دەڵێت کە ئەو لەلای‌خۆیەوە" زین"ی داوە بە "مەم "

ڕۆژا کو ستی تە دایە تاجدین
وی ژ ئالێ خوە دائیە مەمێ زین
میر گۆ : چ عەجەب نەکر بـ من پرس ؟
یا نە قە نەمایە ئەو ژ من ترس ؟

بەکر گوتی : میر، دەترسم نیازی تەخت و تاجی تۆیان هەبێت و
توغیان بکەتن ژ پاشی زینێ

میر گوتی : من نیازم هەبوو کە زین بدەم بە مەم، بەڵام ئێستا کە وای لێ‌هات، ئەوانە من بە هیچ دانەنێن و، تەنانەت چاویان بڕیبێتە شوێنەکەشم، شەرت‌بێت کە من ئیتر قەت زین نـەدەم بە کەس و، ئەوەی لە ژیانی خۆی بێزار بێت با بێت داوای بکات .

خانی، لێرەشـدا، وەکو لە زۆرتـرینی شوێنەکانی مەم و زینەکەیدا، لە نیزیکەی هەموویدا، لەگەڵ هەر هەڵوێستێکدا، دەچێتە قووڵایی رووحی مرۆڤ و لەوێوە سەرچاوەی هەڵوێستەکە دەدۆزێت :

حوککام بـ باتن و بـ زاهر
بێ شوبهە مشابهن بـ ئاگر

لە دەرەوەوە رووناکی و شەوقیان لێ‌دەبارێت، بەڵام لەناوەوە خەڵووزن و دەسووتێن، نابێت قەت

بروايان پێ بکەیت، تەنانەت ئەگەر هەر کەسوکارێکیشیان بێت

زنهار تو نەکی بـ وان باوەڕ

گەر باب و پسی وەگەر برادەر

ئـەوەتا، میر کە لە کەسێکی وەها خراپ، کە خۆی دەڵێت دەزانێت چەندە خراپە، شتێک لەبارەی تەخت و تاجی خۆیەوە تەنانەت بۆ خزم و ئەولادی خۆی دەبیسێت، هەموو عاتیفەیەکی ئینسانیی تێدا دەمرێت و " زین"ی کچی نـازەنین و خۆشـەویستی، بە بێ ئەوە هیچ گوناهێکی کردبێت، لە تەبیعیترین مافی، کە شووکردنە، مەحرووم دەکات .

ستی و تـاجدین و زۆر لە خۆشەویستانی تر و دەوروبەر هەوڵیان دەدا لە خەمی زین و مەم کەم بکەنەوە، دڵیان بدەنەوە و هیوایان بدەنێ .

لێرەدا قسـەکانی خانی لە سەر زمانی ئەو خـەڵکە بۆ هانـدانی زین کە ئیتر واز لە شـین و رۆڕۆ بهێنێت و، ئـاگاداری جوانی و جـەوانیی خـۆی بێت، دیسان دەگەنە سەر تۆپی وەسفێک کە من لە گەورەترین شاعیرانی یونانی و لاتینمدا نەدیتووە، خانی پێش هەموویان کەوتووەتەوە :

پەیوەند بکە پێکڤە بسک و خالێ

شیرازە کە موسحەفا جەمالێ

سەرلەوحەئێ دێم ببت موزەهەب

ئایاتێ خودێ ببن مورەتتەب

دا فرقەئێ کافر و مسوڵمان

تەسدیق بکن بـ نەسسێ فورقان (..)

خەندان بکە غونچەیا دەهانێ

نالان کە هەزاردستانێ

سەرخوش کە لـ گەردەنێ گوهاران

سەرسەم کە جونوون و دین و هاران

مەیخوەر کە مەلان ( = مەلایان) بـ غونج و نازان

شەیخان بشەهینە بەر بەرازان ( شێخان بنێرە بەر بەرازان)

بەڵام

ئەڤ چەندە ئەوان دگۆتن ئەڤ پەند

زین پێ نەدبوو سەبوور و خورسەند

بەلکی بـ نەسیحەت و بـ پەندان

یەک جار دکەتە بەلا و بەندان

عشق ئاگرە، نەفخەیە نەسیحەت!

ئەگەر ئۆڤیدیوس ئێستا ئەمەی بدیتایە :

ئەڤین ئاگرە، ئەوەی ئامۆژگاریت بکات کە لەبیرخۆتی بەریتەوە، وەکو ئەوەیە فوو لە ئاگریدڵت بکات و خۆشیبکات ...

ئۆڤیدیوس یا هۆمیروس ئەوەی بدیتایە، دەبوو چیبگوتایە ؟ ئەگەر یەکێک لەوان ئەمەیبگوتایە، ئێستا هەموو ئەوروپاییەک وەکو ئایەتێک لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لەبەری دەبوو :

" عشق ئاگرە، نەفخەیە نەسیحەت"

خانی، کە لەگەڵ نـاوهێنانی هەر وشـەیەکدا کە پێوەندیی بە رووحی مرۆڤەوە هـەبێت، وشـەکەی دەکاتە ناونیشانێک بۆ سروودێکی پەرستگاکانیئەڤین، لێرشدا دەڵێت کە " نـەسیحەت" ئەوەندەی تر ئـاگری ئەڤینی زینی خۆش دەکرد و، دیتیان کە لێرەدا هیچیان بۆ نـەدەکرا، نـاچار وازیان لێ هێنا، بەڵام زین هەڤاڵێکی لا دەمێنێتەوە کە قەت بەتەنیای نـاهێڵێتەوە، ئەو هەڤاڵەی بریتیە لە :

خەم : خەم ... هەی خەم

کای هەمنەفەسێ د بێ نەوایان

فەریادرەسێ د پڕ جەفایان

هەمدەردێ د دەردەمەندان

هەمپەردەیێ سرڕێ موستەمەندان (..)

هەمکاسەیێ خوانێ بێ تەعامان

هەمەشرەبێ راحێ تەلخکامان (..)

غەم لەو مە دڤێن کو با وەفانە

نابێن ئەڤە تەحلی و جەفانە (..)

( غەم لەبەرئەوە ئێمەی دەوێت چونکە بە وەفایە، نالێت ئەوە تاڵی و جەفایە)

کەونین چ عاجل و چ ئاجل

غەمخواری نەبت کوو تێتە حاسڵ ؟ (..)

( دنیا فانییە، چ زوو و چ درەنگ، ئەگەر غەم نەبێت، کێ بە چی فریامان دەکەوێت ؟)

دوای مەڵەیەک لەو دەریایەدا، ئەوجا زین بە سروودێکی ئەڤینی خۆی وەڵامی دەداتەوە، دیسان هۆمیروس و ئۆڤیدیوس و دانتێ و پێترارکام وەبیردێنەوە، ئەوانە لەگەڵ خانیدا کۆببوونایەتەوە، ئەم " مەم و زین"ـەیان لە دەمی خانی ببیستایە، چۆن خانی‌یان لە سەری سەرووی خۆیانەوە دادەنا و، ئەگەر بیویستایە بڕوات، چۆن هەموو رایاندەکرد و هەوڵیاندەدا پێڵاوەکانی بۆ دابنێن . خانی، مەزنێک بووە نە کورد هێشتا ناسیویەتی و نە دنیا .

زین بە مەم دەڵێت :

مەشرق تویی، ئاگرێ تە زاهر

مەغرب ئەز و، باتنێ من ئاگر

( لە نووسینی ئەمەدا فرمێسک بە جۆرێک بەرچاوم دەگرن،دەبێت زوو- زوو وازی لێ بهێنم و دوایی بگەڕێمەوە سەری) .

ئەوجا تابلۆیەکی تر دێت: قسەی زین بۆ پەپوولە، ئەویش وەکو هەموو تابلۆکانی، شتێکە مرۆڤ زۆر لەسەری بوەستێت و لە وردی و خەیاڵی تێدا بدوێت : پەپوولە کە تۆ عاشقی ئاگریت و پێی دەسووتێیت، ئەو لەرزینەت لە کاتی نیزیکبوونەوەت لێی یانی چی ؟ یانی ئەڤینداریکی هێشتا هەرزە و کرچ و کاڵیت ؟

مەردانە دبەخشی جانێ ئەرزان

حەیفە کو بمەر کرانێ لەرزان

ناوەستی دەمەک لـ بەر هەوایێ ( لەبەر ئەڤین)

ناپوختە تەلەب دکی فەنایێ

ئەو لەز ژ تەرا گەلەک قوسوورە

ئەو لەرزە ژ بۆ تەرا فوتوورە

خانی دوایئەوە دەچێتە سەر باسی حاڵی مەم و، ئەوە کە مەم دەچێتە ماڵیتاژدین و، خەمی خۆی باس دەکات، بـەڵام بەوە ئارام نـابێتەوە، دەردەچێت و قسەی بۆ دیجلە دەکات : رووبار ئەی تۆی کە وەکو فرمێسکی من رەوانیت و وەستان و ئارامیت نیە :

کای شوبهەتێ ئەشکێ من رەوانە

بێ سەبر و سوکوونێ عاشقانە

بێ سەبر و قەرار و بێ سوکوونی

یان شوبهەتێ من تو ژی جونوونی

دەبێت یارێکت لە دڵدا بێت، کە وا ئارام ناگریت

سەرگەشتە دبی لـ رەخ جزیرێ (..)

بێهوودە چرا دکی تو فەریاد

ئاوارە دچی دیارێ بەغداد (..)

جارەک لـ دلێ م ژی گوزەر کە

سەرچەشمەیێ چەشمێ من نەزەر کە

مەم، دوای ئەوە، پەیامی بە سـەبا(شنە با)دا دەنێرێت، کە بچێتە " دڵسـتان"ی و قسەکانی بە زین بگەیەنێت

کای جسمێ لەتیفێ شوبهەتی رووح

دەرگاهی بەدەن لـ بەر تە مەفتووح (..)

ئەووەڵ تو ببووسە ئاستانێ

پاشی هەرە پێشی دڵستانێ (..)

وەڵڵاهـ گونەهێ خوە ئەز نزانم

ئەمما مە دلەک هەبوو دزانم

ئەو دل پەریان ژ من رەڤایە

ئەڤ پێلەکە ئەو ژ من جودایە

نازانم ئەگەر گوناهێکم کردبێت، چونکە مرۆڤ گوناهـ دەکات

گەر قەهرێ بکی لـ وی جەزایە

وەر عەفوێ بکی عەجەب عەتایە (..)

ئەی بادێ سەبا بـ حەققێ مەعبوود

گاڤا وەکو تێی ژ پێشی مەقسوود

زنهار هنەک ژ خاکێ دەرگاهـ

بینە ژ مەڕا دگەل خوە هەمراهـ

تۆزا کو ژ ڕەنگێ تووتیایە

بینە بـ خوەڕا کو کیمیایە

مەم ئەوجا لۆمەی دڵی خۆی دەکات :

کای جەنگ دکر دگەل دلێ ژار

کای خائنێ شەرمەسارێ غەددار

کان قەول و قەرار و عەهد و پەیوەند

پەیمان و قەسەم یەمین و سۆگەند

ئەدی بۆچی منت بەو دەردە برد ؟ دەتویست شیرینیم بدەیتێ ؟ من لە لوقمانم پرسیوە، دەڵێت :

ئەوەی شیرینییە دەردە و، دەرمان تاڵە

هەرچی کو شرینە عەینێ دایە (دا، داء = دەرد)

هەرچی وەکو تەڵحە ئەو دەوایە

بەوجۆرە، لافاوی دڵی مەم دەتگوت چەند رووبارن بەجارێک

شەتتێ عەرەب و فرات و جەیحوون

هەر سێ تە دگۆ بـ یەکڤە رابوون

لە فرمێسکی مەم، سپیندار لە کەناری رووبار شین بوون و

سەحرا هەمی بوونە سەحن و بوستان

ساحل بوویە گولشەن و گولستان

میر زینەدین (یا زەینەدین، زین الدین) دەیەوێت بچێتە راو، ئیتر دیسان تابلۆی بەهەشتی کورد-
ستان دەبینین :

تەبیعەت بە چەشنی ئارایشگەر بووکی وڵاتی رازاندبۆوە

هەر یەک ژ نەوال و کووهـ و دەشتان

رەهـ شوبهەتێ گوشەیێ بهشتان

هەر رەوزە ریازێ خولدێ ئەکبەر

هەر چەشمە ژ عەینێ ئابێ کەوسەر

هەر کووهـ ژ رەنگێ تووری مووسا

ژ ئەنوارێ تەجەللیێ تەیسا ( بریسکایەوە) (..)

خەرگووش و غەزال و گۆڕ و ئاهوو

ئەڤ قاز و قولنگ و کەبک و تەیهوو (..)

فەسڵا بگەڕن لـ گەشت و سەیران

نێچیرێ بکن ژ وەحش و تەیران

میر فـەرمانی دا کە هـەموو خـەڵکی جزیرا بـۆتان دەستبەدەنە چەک و لەگەڵیدا بۆ راو دەرچن، وای بە حاڵی ئەو کەسەی کە دەرنەچێت

حازر نەبتن کەسەک د سەیدێ

ئەو دێ بمرت د قەید و بەندێ (..)

ئیتر پیاو لە شار نەما، هەمووی چوو

القصە قەبیلەیا رجالان

فی الجملە کەسەک نما د مالان

ئیتر تابلۆیەکی راو دەبینین :

دڕندە دڕاندبوون بـ شیران

پەرندە بڕاندبوون بـ تیران (..)

چۆگان د دەست دگەل گۆپالان

هاڤێتنە گەردەنێد غەزالان

ئەوەندە حەیوانی کێوی و درندە کوژران و گیران کە نەدەکرا هەمووی هەڵگرن و ببەن، ئیتر ئەوەندەی کرا هەژار کوشتەیان بردن و میرانیش گیراوەکان

کوشتی ژ خوەرا برن فەقیران

گرتی بـ خوەرا برن ئەمیران

ئەوجا دێینە سەر تابلۆی وەسفی باغ و باخچەی ماڵی میر : باغێکی وەها کە باغی بەهەشت بە شاباشێ دەدرا، لە هەر دارێک و باڵندەیەک تێدا، لە هەر میوەیەک و رەنگێکی جوان

تەشبیهێ مەمێ دلێ سنەوبەر (..)

نارنج و تورنجێ شوبهێ زینێ

زەربوویی ژ عیللەتا ئەڤینێ!

(مەولەوی بە بیردا دەهێنێت : گوڵ چون رووی نازیز نزاکەت پۆشان)

زین، لە تەنیایی و بێتاقەتیی، دەچێتە ئەو باغ و باخچەیەی ماڵی

لەو هاتە ڤی باغی ئەو پەریزاد

دا تێر بکەت ژ دەستغەمان داد

بە دیتنی زین، هەر لالەیە داغ لە سینەی دا و، هەر غونچەیە لە ئێرەیی بە جوانیی زین ئاگری گرت، دار خۆی لێ بوو بە بار و گوڵنار دڵی بوو بە نار (ئاگر) :

هەر لالە لـ سینە بوونە داغەک

هەر غونچە بـ سوهتنێ چراغەک

هەر دار لـ جسمی بوونە بارەک

گولنار لـ قەلبی بوونە نارەک

چڵ و گەڵای داران ورووژان، بولبول کەوتنە ناڵە، خاک دەیگوت : هەی ئـاخ و، بەرد دەناڵین، دار دەیگوت : ئاهـ و، گەڵا دەگریان

ئاخێ دکر ئاخ و، بەر دنالین

داران دکر ئاهـ و، پەلگ دکالین

زین، بە دار و درەخت و گوڵ و گوڵزاری دەگوت: ئێوە بۆچی وا کز و رەنگ زەرد و داماون ؟ مەگەر ئێوەش وەکو من بێ "مەم"ـن ؟ لەبەرئەوەیە کە وا غەمبارن ؟

بەرگێ د وە سەد نەوا هەزارن

هون بۆچی زەرن، زەعیف و ژارن ؟

یان شوبهەتێ من د بێ مەمن هون ؟

لەورا وەکو من د پڕ غەمن هون

زین حاڵی خۆی و خوشـکی بۆ دار و درەخت و گـوڵزار باس دەکات، کە خوشـکە گـوڵەکەی بە بولبولی شەیدای گەیشت و ئەویش لە خەمی دووریی مەمیدایە .

ئـەوە چی بوو کە وای لە میـر کـرد پیاو لە شـاردا نـەهێڵێت و، بە دڵی " زین "یشـیدا هێنا لەبـەر بێتاقەتیی بچێتە ئەو باغە ؟ ڕێکەوت بوو ؟ نەخێر

گەر وەسڵە وەگەر قوماشێ دیدار

بێ داعیە نابتن چو بازار

ئەو داعیە جوملە رەمز و حالن

بەلکێ ژ جەنابێ ذوالجلالن

داعیە کێیە ؟ ذوالجلال، خودای کە ئاگای لە دڵانەیە داعیەیە، ئەو هەموو هۆیەک دەرەخسێنێت و،" وەسڵ" (پێکـگەیشتن)ی ئەڤینداران ڕێکـدەخات .

بـەڵام لەم حـاڵـەتەدا مەگەر نابێت داعیە بە دڵی" مەم "یش بڵێت بڕۆ وا " زین "ت لە باغی میردا بیری لەلاتە ؟ بەڵێ، بەویش دەڵێت :

قەلبێ تە دبێژتن کو رابە ( دڵت پێتـدەڵێت : هەستە)

ئەڤ ساعەتە عەینێ فەتحێ بابە ( وا دەرگا بۆ دڵی زیندانت کراوەتەوە)

مەم، کە لە رۆژی دەرچوونی ئەو خەڵکەوە لە شار

بوو قەلقەلەیەک د قەلبێ غەمگین

ئەسڵا نەدبوو د خانی تەسکین (..)

قەلبێ وی دگەل وی باغی

کێشان و کەشان گهاندە باغی

کە مەم پێی نایە باغ، ئەو هێشتا "زین"ی نەدیتبوو، "زین"ی کە لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئێستا مەم لێرە لەگەڵم بوایە، "مەم"ی لە دەرگاوە دیت، لە خۆشـیان بێ هۆش بوو و وەکو گوڵ کەوتە سەر چیمەن

ناگەهـ فکری کو مەم ژ دەر هات

بیمارێ مەسیح دی بـ سەر هات

زینێ ژ ئەڤین و شادمانی (..)

بێ هش کەتە سەر چیمەن وەکی گول (..)

مەم سەرەتا هەر گوڵزاری بەر چاو کەوت و بە گوڵی گوت

گۆ : ئەی گول ئەگەر تو نازەنینی

کەنگێ تو ژ رەنگێ روویێ زینی (..)

ئەوجا کە بولبولی بینی، راز و نیازێکی لەگەڵ ئەویشدا بوو .

دوای ئەوە چاوی بە " زین"ی کە ئـەڤین بێـهۆشی کردبوو دەکەوێت، " زین"ی غونچەش چاوی

دەکاتەوە، " مەم"ی بولبولی شەیدای دەبینێت

غونچە ژ خەوا سەحەر ڤە بشکفت

وێ بوویێ بـ بولبولێ خوە ڕا جفت

گۆ : ئەڤ خەوە یانە خود خەیالە

ئەڤ خەونە سەحیحە یا بەتالە ؟

سەرەتا هەر زمانیان نەدەگەڕا، دەست دە دەستدا و بێ ئەوە هیچیان بۆ بگوترێت

رابوو کو لـ پێشە دەستێ زینێ

فکری کو دوو دەست د دەستێ زینێ

مان هەردوو لـ پێشی یەک لال

نە نوتق و خەبەر نە قیل و نە قال

ئەووەل دکرن بـ دەست ئشارەت

لەدوابیدا قسەیان پێ دەکرێت و دەدوێن

پاشی کو ڤەبوو لـ وان عبارەت

بـەڵام هەر قسە ؟ ئەوە هەڵێکە بۆ دڵداران کە یـەکتر دە باوەش بگرن، ماچ بکەن و بشگەزن!

یەک یەکە بـ دل ژ یەک دخوەستن

هن بووسە ددان و هن دگەستن (..)

رابوون و مەشینە شەهنشینان

روونشتن و هەردوو نازەنینان

هجران دکرن ژ سەر شکایەت

وجدان دکرن ژ نوو روایەت

کە ماچ بۆ ئەڤینداران وەکو فەرزی نوێژە، ئەوان کە ئەو هەمووە ماوەیەی دووری لە یەکتر ئەو

هەمووە نوێژانەیان چوون، دەبێت ئێستا بە قەزا بیانکەنەوە

هەردەم دکرن قەزا و سوننەت

فەرزا وەکو بووسەنە چ مننەت

ئیتر هەر دوو لەش و لار لە هەمووی یەکتریان دەخوارد جگە لە مەڵبەندی کەمەر

حوببا د دلان ژ حەددی دەر بوو

سەرحەددێ زەرافەتان کەمەر بوو (..)

جوانی و بوهار و باغ و مەحبووب

ئایا د دنێ چ مایە مەتلووب ؟

با منیش وەکو مەم و زین ئەوەندە سەرخۆش نەبم کە لەوە بێ ئاگا بم وا بووە ئێوارە و ئەوانەی چوونەتە راو دێنەوە

دا شوبهی مەمێ نەبت کو غافل

بێت میرێ ئەجەل بـ سەر مە عاجل(..)

زینا هەوەسا دلێ هەوایی

من دابتە ناڤە خوە عەبایی

زینی هەوەسی دڵی ئەڤین، چەشنی عەبا منی پێچابێتەوە، ئیتر دەوری خۆم نەبینم

( "هەردی"یش دەڵێت : ئەگەرچی وەک خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە) .

میر، بە دەنگی تەپڵ و کەرەنا و شەیپوور و بە هەرا و تەپوتۆزی گەڕانەوەی لەشکری لە راو، دار و بەرد و ئاسمان کاس دەکات، بەڵام ئەڤینداران هەر ئاگایان لێ نیە

قەت سەهـ نەکرن کو ئەڤ چـ رەنگە

قەت سەهـ نەکرن کو ئەڤ چـ دەنگە

میر فـەرمانی دا کە ئـاسـک و باڵندە و حـەیوانانی تری کە لە راو گیراون لە بـاغ و بـاغچەکەیدا بـەرەڵلا بکەن و، پشـوویەک بدەن . میر سـەرنجی دا کە هـەرچەندە کەسێکیش بە دەوروبەرەوە دیار نەبوو، بەڵام دەرکەی باغ کرابۆوە

حازر کەتە قەلبێ وی خیالەک

زانی کو نە خالییە ژ حالەک (..)

میر مەم دەبینێت

میر هات، دی کو مەمێ ژار

پال دائیە بالگێ د زەرتار (..)

میر گۆ : کییە ئەڤ د ڤی زەمانی

بێ روخسەتێ من د ڤی مەکانی ؟

زین کە ئـەوەی بیسـت، چووە ژێـر عـەبای مەمەوە، مەم ئیتر نـەیتوانی لە بەر میر هەستێت، بە پـاڵکەوتوویی وەڵامی دایەوە : میر، تـۆ دەزانیت کە من نـەخۆش و بێ تـاقـەتم، گوتم با هێندێک لەو باغ و باخچەیە بسووڕێمەوە .

ئەوجا چ راوێکت کرد ؟

باری تە د باغێ دا چ کر سەید ؟

من راوم کرد ؟ ئەوەی من لێرە دیتم

من دی د ڤی باغیدا غەزالەک

ئەمما کو غەزال نەبوو، شەپالەک (..)

هەرچەندە سپی و چاڤ بەلەک بوو

ئەمما بـ قیاسێ من مەلەک بوو

کە تۆ هاتیت، ئەو رۆیشت، کە تۆ نەبوویت ئەو دیار بوو

لەورا کو تو هاتی ئەو نهان بوو

هندی تو نەهاتی ئەو عەیان بوو

تـاجدین تێگەیشـت کە مەم لەوێ بە نهێنی زینی دیتووە و باسـی زین دەکات، ئیتر گوتی : گوێـی مەدەنێ، مەم شێت بووە، ماخولیا بووە و عەقڵی لەدەست داوە، با وازی لێ بهێنین

تاجدین ژ تەکەللوما وی زانی

زین هاتیە با مەمێ نهانی

گو : گوهـ مەدنە مەمێ یێ دینە

مالخۆلیە وی عەقل چو نینە

ئیتر چوونە سەر بەزمی خواردنەوە و سەرگەرمیی خۆیان

ساقی و شەراب و شەمع خوەستن

دیوانەکی حاکمانە بەستن

بـەڵام ئەی مەمیبەدبەخت تاکەی بەو حاڵە ؟ تاجدین چووە لای بزانێت چ باسە، مەم دوو کەزیی زینی لە ژێرعـەباکەیەوە پیشانی تاجدین دا. تاجدین تێگەیشت کە دەبێت کارێک بکات میر و ئەو خـەڵکە دووربخاتەوە و، هـەلێک بۆ دەرچوونی زین بڕەخسێنێت . بە هەڵەداوان رایکرد، چۆوە ماڵ و بە سـتیی ژنی گوت : دەستی منداڵەکەت بگرە و بـڕۆ، ئەم ماڵە بۆ من لێبگەڕێ، منداڵ بۆ تو و ماڵ بۆ من . بۆچی ؟ چ باسە ؟ تاجدین گوتی دەبێت فریای مەم و زین بکەوین

خەلک ڤەدکوژت ئاگری بـ ئاڤێ

ئەز دێ ڤەکوژم بـ ئاگر ئاڤێ

خەڵک بە ئاو ئاگر دەکوژێننەوە

من بە ئاگر ئاو دەکوژێنمەوە

ماڵی خۆی بە رەنگی قەومی زەردەشت ئاگر تێبەردا و کەوتە هاوار

مالا خوە ژ ڕەنگێ قەومێ زەردەشت

دا ئاگر و گازیا خوە ڕاهەشت

ئاگر کو دگرتە خان و مانان

وی گرتە بـ گازی و فغانان

ئیتر هـەموو خـەڵکەکە ڕایانکرد بچن ئـاگر بکوژێننەوە و لە مەم و زین دوورکەوتنەوە . مەم بە زینی گوت :

دەبینیت قەرەتاجدین چیی کرد ؟

تاجدین تە دی چـ ڕەنگ ئەدا کر

مووسا لـ مە بەحرێ غەم زوا کر

مووسا دەریای بۆ ئێمە وشک کرد تا پێدا لە غەم دەرچین

ئیتر زین چۆوە ماڵیخۆی و،مەمیش ڕووی لە کووژاندنەوەیئاگر کرد، بەڵام چی بکوژێنێتەوە ؟

هیچ نەمابوو، نە تەنانەت جلوبەرگیش

ئەسباب و تەجەممول و دەفینە

ئەملاک و جەواهیر و خەزینە

جوملە د ڕیا برایی سۆتن

لەو ناڤ بـ قەنجی دێتە گۆتن

هەمووی لە ڕێگای براییدا سووتان و، ئەوەیە ناوی بە چاک باسدەکرێت

مالی مەحەبین تو ئەی نکو نام ( پارەت خۆشەوێ ئەی ناوچاک)

حوببا وی دکەت مرۆڤی بەدنام ( خۆشەویستیی ئەوە مرۆڤ بەدناو دەکات) .

مەم و زین ئـەوجارە لە کێشـەیەکی گـەورەی کە دەکرا لە باغی میر تووشی ببوونایە خەڵەسـتن، بەڵام مەگەر ئیتر بەوە ئەڤینیان بۆ دەشاردرێتەوە ؟ مەگەر ڕووناکیی ڕۆژیخودا دەشاردرێتەوە ؟

نا، ناشاردرێتەوە، ئێ دە کەواتە ئەڤینیش ناشاردرێتەوە، بۆچی ؟

چونکە ئەڤین رێک وەکو رۆژە

ئەڤ پادشەهێ کو عیشق نامە

رۆژێ بـ وی نیسبەتەک تەمامە

هەتاو ناشاردرێتەوە، کەواتە ئەویش قەت ناشاردرێتەوە چـ جاران

ئەو ژی قە ڤەناشرت چو جاران

باسی ئـەڤینی دوو ئـەڤیندار بڵاوبۆوە و کەوتە سەر زمانان . زین و مەمی خـەمبار، خـەمەکەیان بەس نەبوو، وا خـەمی قسەی خـەڵکیشی هاتە سەر . وەک دەڵێن وشتر باری گرانی خۆی بەس نەبوو، وا زەنگوڵەشی کرایە مل

باری لـ جەمازەێ نە بەس بوو ( جەمازە لێرەدا = وشتر)

غەممازێ د مەرتەبا جەرەس بوو ( غەمماز لێرەدا = شۆفار)

یەعنی خەبەرێ د هەردوو یاران

نەممام و حەسوود و حیلەکاران

ئەو چەند د مەجلیسان گەڕاندن

ئەو چەند بـ قەمسبیان گهاندن (قەمسی = مرۆڤی خراپ، ناڕاست)

تا باسی ئەڤینداران بە بەکری مەرگەڤەر گەیشت

حەتتا بەکرێ ژ رەنگێ ئبلیس

ساحیب غەرەزێ خەبیس و تەلبیس (..)

بەکر چوو و بۆ میری گێڕایەوە

تەنها خوە گهاندە خەلوەتا میر

القصە کر ئەو قەزییە تەقریر

میر، هەڵچوو و، گوتی دەی چۆن پەی بە راستیی باس بەرین ؟

بەکر گوتی : مەم دەعوەت بکە شەترەنجت لەگەڵ بکات، شەرتی بۆ دابنێ، کە ئەوەی بردییەوە دڵخوازەکەی بۆ پێکبهێنرێت .

میر فەرمانی دا : بە مەم بڵێن با بێت، بەڵام بە تاجدین و برای مەڵێن .

مەم هات، شەترەنج دانرا و میر مەرجی خۆی پێ گوت، کە

شەرتی مە دگەل تە ئەی سەرەفراز

هەرچی تە دڤێ ژ بۆ مە دلخواز .

جەوانێکی زۆر جوان و ئازاش لە دەوروبەری میر بوو، زۆر هەڤاڵی مەم بوو

سەرداری کوران بـ ناڤێ " گورگین"

گورگین خێرا چوو، تاجدین و دوو برای ئاگادار کردەوە، تاجدین کە بە پێ هات و چەکۆ و عارفی لەگەڵدا بوون، کە وەها سێ شێر هاتنە لای میر، ئەوە ئیتر بۆ مەم واتا زاری دووشەشی هێنابوو

تاجدین کو لـ گەل بران بـ مەش هات

کەعبەین ژ بۆ مەمێ دووشەش هات

مەم سێ جار لەسەریەک لە میری بردەوە . بەکر، دیتی زین لە پەنجەرەی پشت مەمەوە سەیری مەم دەکات، بە میری گوت ئێستا شوێنتان بگۆڕنەوە باشە . ئیتر میر چووە شوێنی مەم و مەم لە شوێنی میر دانیشت کە بەرانبەر بەو پەنجەرەیە بوو کە زین لێیەوە دەنۆڕی . کە مەم چاوی بە زین کەوت، ئیتر هۆشی لایخۆی نەما، زوو فیل و فەرزینی لەدەستدان و، ئەسپی بە پیادەیەک دۆڕاند و، بەوجۆرە شەش دەستی لەسەریەک دۆڕاند .

ئەوجا

میر گۆتە مەمێ : مە بر خوە دلخواز

وی گو کو ببێ چیە تە داخواز ؟

میر گوتی خۆ من داوای ماڵیدنیات لێناکەم، دڵخوازی من ئەوەیە پێم بڵێیت چ کچێک دڵخوازتە، تا ئەگەر ببینم جوان و شایانی تۆیە بۆت بهێنم . بەکری لەعنەتی لێرەدا خۆی تێهەڵقوتاند و گوتی : جوانی چی ؟ مەم حەز لە کچێکی عارەبان دەکات، لێو کوتراوێکە، رەشە وەکو قیر ...

(..) کیژەک عەرەبانە لێڤ دەقاندی

سەر تا بـ قەدەم رەشە وەکی قیر

نە لائقی بەحس و خوەستنا میر

ئیتر ئەو قسەیەی بەکر کە وای بە دڵبەری مەم گوت، عەقڵی دە سەری مەمدا نەهێشت

تەعنێ د مەمێ وە رەنگ ئەسەر کر

یەکجار ژ عەقلی بێ خەبەر کرد

مەم گوتی : میرم ئەوەی ئەوە دەیڵێت هێچ وا نیە، دڵبەری من

شەهزادەیە شەهنشین مەکانە

عەنقایە بلندە ئاشیانە

میرانییە ئەو ژ نەسلا پاکە

نوورانییە ئەو نە ئاب و خاکە

سەردەفتەرێ حوور و نازەنینە

هەرچەند مەلەک بـ ناڤێ زینە

هەرچەندە فریشتەشە بەڵام ناوی زینە

ئیتر میر توورە بوو و هاواری لە خوڵامان کرد : بۆچی وەستاون ؟

ڤی ناکەسی ناگرن بـ زللەت

دا ئەز بکوژم ئەوی بـ عبرەت

دووسەد پیاوی میر بۆ مەم چوون بیگرن، مەم خەنجەری هەڵکێشا و تـاجدین و دوو بـرای لێیان هاتنە پێشەوە : هێی نـەخەڵەتێن ... وای بە حاڵی ئەوە زاتـی ئەوە بکات دەسـت بۆ مـەم بـەرێت؛ فەرمانی میر لەسەر سەر، کەس نایشکێنێت، بەڵام فەرموون

هـا گەردەن و دەست و پێ و زنجیر

ئیتر میر خۆی چوو دەستی مەمی بەست و، دایە دەست سەرهەنگ و

گۆ : حەبس بکن د قوللەیا تەنگ

ئەوە بۆ تاجدین زۆر تاڵ بوو

ئەمما چـ بکەت ژ بۆ نە عارە

جەللاد ئەمیرە خوندکارە

ئـەڤیندارێک رەنجی تـەنیایی لە زیندان بکێشـێت، دەبێت بە چ چـاوێک سـەیری دنیا بکات و، چ رازێکی بۆ دڵبەری لە دڵی خۆیدا مەگەر هەر بە خۆی بڵێت : فەلەک چی دەکات ؟

هەرچی وەکو ئەو ژ عەردێ راکەت ( راکەت = بەرزدەکاتەوە، هەڵدەستێنێت)

ئەلبەتتە وی دێ د عەردێ راکەت ( راکەت = تێڕادەکات)

هەرچی لەسەر زەوی بەرزبکاتەوە دیارە لەدواییدا هەر دە زەویی رادەکات، چ بە مانای ماددی، کە مرۆڤ لەدایکدەبێت و دوایی دەمرێت؛ چ بە مانای بەرزبوونەوەی پلە وپایە، شاد و بەختیار بوون، کە لەدواییدا فڕێیدەداتە سەر عەرد و، ناشاد و بەدبەختی دەکات .

فەلەک بەتایبەتی لەگەڵ عاشقاندا

خاسما کو دگەل قەبیلێ عاشق

هەم خائن و خارە هەم موونافق

ئەوەتا مەم فڕێدراوەتە چاڵێکی وەک گۆری تەنگ و تاریک

(..) بێ هەمنەفەس و هەڤال و هەمدەم (..)

ئەندێشەی زۆری تەسەووف و،رووکردنەخودا و، دەربڕینی راز بۆ دڵدار، بۆ"عەزیز"ی میسری دڵ، بۆ زولێخا، بۆ لەیلای ئەوی مەجنوون، بۆ شیرینی ئەوی فەرهاد ...

دونیا لـ مە گەرچی بوویە زندان

ئیرۆ هە ئەزم تەنێ مسوڵمان

بۆچی ؟ چونکە حەدیسی پێغەمبەر دەڵێت :

دونیا کو بهشتا کافرانە

مەئوایێ بەلایێ موئمنانە

بەڵام ئەوە یانی چی ؟ مەگەر لە گەیشتن بە زین نائومێد بووە ؟

نەخێر، ئەوەندە سوێند کە نائومێد نەبووە :

سووندێ دخوم ئەز بـ سوورەتێ نوور

دێما کو ئەوە کتابێ مەستوور

سوێند دەخۆم بە سوورەتی رووناکیی دەموچاوی زین، کە کتابی خودا لەودا دەبینم

دەهـ جار بـ حەققێ بەژن و بالێ

چل جار بە حەققێ زولف و خالێ

تەحقیق بـ ئافتابێ روخسار

تەسدیق بـ ماهتابێ دیدار

تەئکید بـ قبلەگاهێ ئەبروو

...

حەتتا رەمەقەک هەبت د جانی

جانا! تو د جانیدا نهانی

هندی کو ژ هەجرێ بێ قەرارم

ئەو چەند ژ تە ئومێدوارم

هەرچەندە میر منی قەبووڵ نەبوو و گوێی لە بەکر گرت، بـەڵام ناهەقیشی نەبوو، من لە کوێ و تۆ لە کوێ ؟

تو مهر جەمال و مەهـ جەبینی

ئەڤ چەند لەتیف و نازەنینی

ئەز خار و زەلیل و خاکسارم

ئەڤ رەنگە زەعیف و دل فەگارم

هەرچیشم بەسەر بێت، ئەوە ئیتر ئەوەیە بەسەر پەپوولەدا دێت کە دەچێتە ئاگرەوە

خاسسیەتێ ئاگرێ ئەڤینە

ئەوجا مەگەر سووتانی وەک پەپوولە بە ئەڤین بە کەڵکی چی هات ؟

چۆن بە کەڵکی چی هات ؟

تەزکییەیێ نەفسێ بوو موکەممەل

تەسفییەیێ قەلبی بوو موحەسسەل

ئاییەنەئێ رووحێ بوو موجەللا

نەفس و دل و جان بـ هەڤ موسەففا

ئەو "موعتەکف"بوونە لە زینداندا هەرچەندە هێشتا نەبووەتە چل رۆژیش، بـەڵام بەوەندە، گومان لەدڵیدا بوو بە یەقین

بەلکی نە چل و نە ئەربەعینەک

زەننا دە دلێ وی بوو یەقینەک (زەن، ظن)

مەم " وجوود"ی لە " زین"دا دەدیت و، " زین" لە " وجوود"دا

ئەڤ دار و بەر و دەواب و ئینسان

ئەڤ مەعدەن و ئەڤ نەبات و حەیوان

هەرچی کو بـ دل وی لێ نەزەر کر

هەرچی بـ خیالی لێ گوزەر کر

هەر یەک د نوما ژ بۆ وی زینەک(هەر یەک لە چاویدا "زین"ێک بوو)

مەشهوود ژ هەر یەکی یەقینەک

هەروەک ئەو ئەستێرەگەرێک بێت و چاڵی زیندان دووربینی بێت بۆ دیتنی دوور

گۆیا بـ خوە ئەو رەسەدنشین بوو

ئەو چاڵ ژ بۆ وی دووربین بوو

زین، کە پێشتر هەرچۆنێک بوو هیـوایەکی هەر هەبوو، ئێستا بە حەبسکرانی مەم ئیتر ئەوەشی نـەما . رەنگ زەرد و لەشی باریـک وەکو بیری خانی! تاڵیی جودایی و بێ هیوایی دەچێشت . هەمان باسی کە مەم لەگەڵ فەلەکدا هەیبوو : خۆ من هیچم لە دژی تۆ نـەبوو، تۆ بۆچی وات لێ کردم ؟ ئـەگەر"مەم"ت بە من رەوا نەدەدیت، بۆچی پیشانت دام و خستتە دڵمەوە ؟ بۆچی هێنات و بۆچی بردت ؟ ئەوجا دەبێت ئێستا " مەم" چۆن بێت ؟

خوەش رەنگ و لەتیفە شوبهی سۆرگول

یان ژار و زەعیفە میسلێ بولبول

خۆزیا میر منیشی لەگەڵ "مەم"دا دەخستە ئەو زیندانەوە .

تاجدین و برایانی و "ستی"یش، بە هۆی ئەوەی کە بەسەر مەم هاتبوو، ئیتر نـەیاندەزانی خۆشی چیە و، ژیان لەوانیش تاڵ ببوو . تـاجدین گوتی با بچین تکا لە میر بکەین کە مەم ئازاد بکات، بـەڵام عـارف گوتی ئەوە هـەر بە قسـە و تـکا و رجای رووت نـاکرێت، دەبێت هـەرسێکمان بە چەکەوە بچینە بـەردەمی، تێیبـگەیەنین کە دەبێت " مەم"ی کە ئێمە بە بـرای چـوارەمی خۆمانی

دادەنێین ئـازاد بکات، یان بە زۆر ئازادی دەکەین؛ لە پێشدا بەکر دەکوژین، ئەوجا ئەگەر میر لە سەرئەوە وەدەنگ هات، دەنگی ئەویش دەبڕین و، هەموو بۆتان هەڵدەگێرینەوە، دەیکەینە ڕۆژی حەشرێک ئەوسەری دیار نەبێت، بەدکار بە سزا و، هەموو بۆتان بە جێژن و شادی دەگەیەنین .

ئیتر برایان، ریش‌سپییەکیان نارده لای میر و داوای ئازادکردنی "مەم"یان لێ کرد .

بەکر، بە میری گوت : میرم ڕووبەڕووی ئەو برایانە مـەبەوە، بڵێ باشە، ئێوە خۆشـەویستی منن و چیتان‌دەوێت با بە دڵی‌ئێوە بێت و، وا من بۆ خـاتری تاجدین،"مەم"م ئازادکرد و،" زین"م دایێ و لێیان پیـرۆز بێت . با ئێستـا کێشە بە قسە دابمرکێتەوە، ئەوجا دوای‌ئەوە ڕێگایەک دەبینینەوە .

میر، بە قسەی بەکری کرد و، بەوجۆرە وەڵامی بۆ برایان ناردەوە .

بەکر بە میری گوت : میرم، بە زیـن بڵێ، کە وا من تـۆم دا بە مـەم، هـەر ئێسـتا بـڕۆ لە زیندان دەسـتی بگرە و بیهێنە . کە زیـن وەها لە پڕ و چاوەڕوان‌نـەکراو خۆی پیشـانی مەم بدات، مەم دڵی دەوەستێت و کۆتایی دێت و، برایانیش هیچیان بۆ نامێنێتەوە هەرای لەسەر بکەن .

میـر، بە قسـەی بەکری کـرد و، چوو بە " زیـن"ی گوت بـڕۆ بە دەسـتی خـۆت دەسـتبەندی مەم بکەرەوە و لەگەڵ خۆتی بهێنە . زین کە ئەوەی بیست، لە هۆش چـوو و، هـەموو وایان زانی کە مردووە و، میریش کەوتە گریان . لەو کاتەدا کەسێک هات و گوتی : مەم مرد . زین کە ئەوەی بیست، وەهۆش‌هاتەوە و دیتی وا میر و دەوروبەر دەگرین، ئیدی دنیای لەبەرچاو تاریک بوو و، هەر بۆی‌مایەوە کە وەسیەتی خۆی لای میر بکات :  میر، تکا دەکەم با ئاهەنگی زەماوەندی مەم و من لەم دنیاش بە جوانترین شێوە بکرێت. با نەڵێن زەماوەندی ستی چەندە جوان بوو و، ئەوەی زین وا نەبوو، با ستی خۆی جوان برازێنێتەوە و تەرمەکەم هەڵبگرێت و، هەموو جـزیرا بـۆتان بە جوانترین شێوە لە ئاهەنگی زەماوەندی من و مەمدا بەشدار بێت .

میر گوتی تۆ بڕۆ مەم ببینە، ئـەگەر مردبێتیش زیندووی بکەوە، من بەڕاستی لەوەی لەگەڵ تۆ و مەمدا کردم پەشیمانم و  ئێوە گەر بژین و گەر بمرن نابێت لێك جیا ببنەوە .

میر گۆ : تو هەڕە مەمێ ببینە

گەر دێ مریبت ئەوی ڤەژینە

باوەڕ تو بکە بـ سدق و ئیمان

بوومە لـ تە و مەمێ پەشیمان

گەر هوون بمرن وەگەر کو رابن

نابت تو و مەم ژ هەڤ جودا بن .

زین خۆی بە جوانترین شێوە رازاندەوە و، ستی و دەستەخوشکان و کەنیزەکان وێرا، چوونە لای مەم . مەم ئاگای لە خۆی نەبوو و، ئەوانەی دەوروبەری باسی ئەوەیان کرد کە" بەرق"ێک لە دەرەوە هاتووە لە مەمی داوە و " شەوق"ێک لە سەری دەرچووە و ئیتر لەوساوە دەنگی لێ نەهاتووە . ئیتر هەموو وایان دانا کە مەم مردبێت . ستی و ئەوانی تر بانگیان لێ کرد

گۆتن کو مەمۆ تو رابە زین هات

رووحا تەیە بێگومان یەقین هات

مەم بە بیستنی دەنگی زین وەهۆشهاتەوە، بەڵام هەرچەندی پێیانگوت کە وا میر ئێستا دەیەوێت " زین"ت بداتێت، ئارەزووەکەت پێکبێت و، خۆت و زین بە یەکتر شاد ببن، مەم گوتی نا، میر کێیە ؟ من تازە دەچمە بەهەشتی میری میران، ئەم دنیا ماددییە پڕ لە گوناهە هی من نیە، من دەچمە ئەو دنیا . ئیتر مەم مرد .

هەموو خەڵکی جزیرا بۆتان بە بیستنی دەنگوباسی مەرگی مەم کەوتنە شین

یەک فەرد نەما د شەهری دلخوەش

بالجملە د سەرخوش و موشەووەش

تاجدین، چوو پێشی بە بەکر گرت و

گۆ : ئەی سەبەبێ فەسادێ عالەم

شەیتان سفەتێ لـ شەكلێ ئادەم

ئەی باعسێ فتنە و فەسادان

وەی مانعێ مەقسەد و موراداn (..)

ئیتر تـاجدین بەكری كوشـت، ئـەوجا چـووە سـەر تـەرمی مەم، كڵاو و چیی بە سـەرییەوە بو لە سـەری خۆی كردەوە و فڕێیدایە سەر تـەرمەكە و، لە خەمی دیمەنی تـەرمی مەم وەكو شێت و هـاری لێهات و وەكو هـەژدیها دەیویسـت پـەلاماری هـەموو كـەسێک و شـتێك بـدات، ئیتر بە فەرمانی میر بە زنجیر بەستیانەوە . تا كاتی هـەڵگرتنی تەرمی مەم هات كە بیبەن بۆ گۆڕستان، تاجدین كۆت و زنجیری پچڕاند و چوو شانی دایە بەر جەنازەی مەم .

مـەم برایە گۆڕسـتان، بە گـریان و فغان، جۆرەها ئـاوازیلاواندنەوە و سەما، كە زین لە پێشـەوە بوو . لەوێ دیتیان تـەرمێك لە نێـوان دوو دارانـدا زۆر بێباكانە فڕێدراوە . زین پرسی :

ئەوە كێیە وا بێكەس و بێحورمەت بەوجۆرە لێرە فڕێدراوە ؟

گوتیان ئەوە بەكرە و، تاجدین بە سزای گەیاندووە . ئەوجا زین رووی لە میر و تاجدین كرد و گوتی : خودا

رۆژا ئەوی حوب دا حەبیبان

هنگی ئەوی بوغز دا رەقیبان

مەوجوود كرن دەما ژ مەعدووم

ئەم پێكڤە د لازمن د مەلزووم

ئەم سۆرگولن ئەو ژ بۆ مە خارە

ئەم گەنجن ئەو ژ بۆ مە مارە

ئەو سیفەتانەی پێچەوانەی یەكترن، هەموو خودا داونی بە مەخلووقەكانی، بەوجۆرە بە یەكتریان تـەواو دەكات، شـت بە هـۆی پێچەوانەكەیەوە دەبینین، كە ئـەوش ویسـتی خـودا بێت، ئیتر ئێمە

دەبێت قەبووڵی بکەین . مەم نێژرا و، بەکریش لەبەر پێی نێژرا .

زین کەوتە لاواندنەوەی مەم و، دڵی خۆی بۆ کردەوە و زۆری گوت . ئەوجا باوشی بە گۆڕی مەمدا کرد و، ئەویش گیانی سپارد .

هەمبێز د مەرقەدێ ومرانی (..)

رووحا خوە شهاندە پێش باری

جسمێ خوە سپاردە وی مەزاری

دیسان دەنگی گریان لە هەموو لایەکەوە بەرزبۆوە .

بە فەرمانی میر، گۆڕی مەم کرایەوە، تەرمی "زین" خرایە پاڵ مەم، ئەوجا

میر گۆتە مەمێ : ژ بۆ تە مەعشووق .

دەنگ لە گۆڕەوە هات سێ جار گوتی : بەخێربێیت .

دوایی دوو نەمام لە سەر گۆڕی مەم و زین روان، دەست لە ملان و، بەکریش بە دارێکی دڕکاوی کەوتە نێوان و دەوروبەری دوو نەمامان تاکو نەهێڵێت بە یەکتر بگەن .

دوای ئەوە پیرێک روئیایەکی خۆی دەگێڕێتەوە کە مەم و زین و بەکر و تاجدین هەموو لە بەهەشتی خودادان، چونکە هەموویان هەر ئەو دەورەیان دیتووە کە بە نەزمی فەرمانی خودا بووە .

ــ کۆتایی چیرۆک ــ

Puxteyekî Çîrokî

# Memê Alan

# u

# Mem u Zîn î Xanî

Şêrko Hejar

2019